حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلان دانان
دەستەی ئاماری هەرێم
بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر

# نیشاندەرە دیمۆگرافیەکانی پارێزگای هەولێر

لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی

**سامان عزالدین رشید**

**بەڕێز بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای هەولێر**

ئامادەکردن و نوسین و دیزاین

**هێمن عباس عزیز　　　　یاسین عمر محمد**

شیکردنەوە

**هێمن عباس عزیز**

کاری وەرگێری لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی

**هێمن عباس عزیز　　　　یاسین عمر محمد**

**پێداچوونەوە**

**ابراهیم رحمان نادر**

**ئایاری 2019**

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم: دانیشتوان (POPULATION) | 1 |
| 1. قەبارەی دانیشتوان Population Size | 1 |
| 2. دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین Urban and rural population | 1 |
| 3. ڕەگەزنامە، وڵاتی لە دایکبوون و شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی | 2 |
| 4. پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز (Age and sex structure) | 3 |
| 5. پشتپێبەستن و ڕێژەی ڕەگەز (Dependency and sex ratios) | 5 |
| 6. پێکهاتەی خێزان (Household composition) | 6 |
| 7. قەبارەی خێزان (Household size) | 8 |
| 8. باری هاوسەرگیری (Marital status) | 9 |
| 9. فرەژنی (Polygamy) | 12 |
| 10. تەمەن لە هاوسەرگیریدا (Age at marriage) | 14 |
| 11. سکپڕی و لەدایکبوون (Fertility and birth) | 15 |
| بەشی دووەم: خاڵە لاوازەکان (VULNERABLITIES) | 21 |
| 1. خێزانەکانی خاوەن خاڵە لاوازەکان (Vulnerable households) | 21 |
| 2-ئاستەنگی عەقلی و جەستەیی (Physical and mental impairment) | 22 |
| بەشی سێیەم: خوێندەواری و پەروەردە Literacy & Education | 27 |
| 1. خوێندەواری (Literacy) | 27 |
| 2. ئامادەبوون لە قوتابخانە (School attendance) | 29 |
| 3. تەواوکردنی بەرزترین بڕوانامەی خوێندن (Highest completed degree) | 31 |
| بەشی چوارەم: هێزی کار LOBOUR FORCE | 37 |
| 1. بەشداریکردن لە هێزی کار (Labour force participation) | 37 |
| 2. ڕێژەی بێکاری (Unemployment rate) | 39 |
| 3. پیشە و داهات(Occupation and Income) | 41 |
| 4. هۆکارەکانی کارنەکردن (Reasons for not working) | 42 |
| 5. داهاتی مانگانەی خێزان(Household monthly income) | 43 |
| 6. سەرچاوەکانی داهاتی خێزان (Household income sources) | 44 |
| بەشی پێنجەم: نیشتەجێبوون و ژێرخان (HOUSING & INFRASTRUCTURE) | 49 |
| 1. جۆر و خاوەندارێتی شوێنی نیشتەجێبوون (Shelter type and ownership) | 49 |
| 2. سەرچاوە و سەعاتی کارەبا (Electricity hours & sources) | 50 |
| 3. سەرچاوەی سەرەکی گەرمکردن (Main heating source) | 51 |
| 4. سەرچاوەی سەرەکی ساردکردن (Main cooling source) | 52 |
| بەشی شەشەم: خاوەندارێتی خێزان (HOUSEHOLD POSSESSION) | 55 |
| 1. کەلوپەلەکانی خێزان (Household appliances) | 55 |
| 2. ئۆتۆمبێل و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان (Cars and IT devices) | 56 |
| بەشی حەفتەم: ونبوون و مردنی ئەندامەکان (Absent & deceased members) | 61 |
| 1. ونبوونی ئەندامەکان (Missing members) | 61 |
| 2. مردنی ئەندامەکان (Deceased members) | 61 |

## پێشەكی

ڕوپێوی دیمۆگرافی زانیاری گشتگیری پێكهاتەی دانیشتوان و دابەشبوونیان لە بوارەكانی كۆمەلایەتی و ئابوری دەردەخا. لەم چوارچێوەیەش ئەم ڕووپێوە دۆخی پێكهاتەی دانیشتوان، داهات، كاركردن، ئاستی خوێندن و خوێندەواری، تەندروستی، خاوەنداریەتی خانوو، كەرەستەی ناو ماڵ و چەندین نیشاندەری گرنگ دەخاتە ڕوو. نیشاندەرە بە دەستهاتووەكان بنەمان بۆ نەخشەرێگای پێشخستنی سیاسەتی بەڕێوەبردن و پلاندانان بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان . لە دامەزراندنی كۆماری عێراق (ساڵی 1921) موە حەوت سەرژمێری گشتی لە عێراق ئەنجام دراوە، لە ساڵی 1997 سەرژمێری لە عێراق ئەنجام درا بەڵام پارێزگاكانی هەرێمی كوردستانی لەخۆ نەگرت كە ئەمەش وا دەكات نەتوانین بە سەرژمێری گشتی ولاتی ناوزەند بكەین. دەبوایە لە ساڵی 2007 هەشتەمین سەرژمێری گشتی ئەنجام بدرێت بەڵام نەتواندرا ئەنجام بدرێت. لە كۆتایی ساڵی 2009 وەك ئامادەكاری بۆ سەرژمێری گشتی پرۆسەی گەمارۆسازی و هەژماركردنی دانیشتوان بەڵام حكومەتی عێراق لەم ساڵەش نەیتوانی پرۆسەی سەرژمێری گشتی تەواو ئەنجام بدا.

لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانكاری گەورە و خێرای كۆمەلایەتی و ئابوری و ناجێگیری دانیشتوان ڕوویاندا كە كاریگەریان كردۆتە سەر ولات و پێكهاتەی دانیشتوانی. پەرەپێدانی داتا دەربارەی پێكهاتەی دانیشتوان و دابەشبوونیان بەپێی تەمەن و ڕەگەز، هەروەها هەندێك نیشاندەری ئابوری و كۆمەلایەتی خێزانەكان لە هەرێمی كوردستان و هەر یەك لە پارێزگاكان پێویستن.

ڕوپێوی دیمۆگرافی لە ساڵی 2017 لەسەر ئاستی قەزاكان ئەنجام درا لە لایەن دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان (KRSO)، بەڕێوەبەرایەتیەكانی ئامار لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان، سندوقی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ كاروباری دانیشتوان (UNFPA) و ڕێكخراوی نێودەولەتی كۆچ (IOM). بۆ نوێنەرایەتی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان لە ڕوپێوەكە 13600 خێزان بە نمونە (Sample) وەرگیراون، كە 400 خێزانیان ئاوارەی نیشتەجێبووی كەمپەكان بوون. لە پارێزگای هەولێر هەر قەزایەك 400 خێزان بۆ نمونە وەرگیراون، تەنها لە قەزای ناوەندی هەولێر نمونەی زیاتر وەرگیراوە كە 1000 خێزان بوون. هەڵبژاردنی نمونەكان و كۆكردنەوەی داتا بەرێگەی زانستی ئاماری ئەنجام دراون بۆ ئەوەی ئەنجامەكەی نوێنەرایەتی هەموو دانیشتوان بكات. ڕوپێوەكە نوێترین داتای كۆكراوەی دیمۆگرافی بەردەست لەخۆ دەگرێت و نیشاندەری كۆمەلایەتی و ئابوری پێویستی داتە بەردەست.

پێویستە ڕوون بێت كە ئەم ڕاپۆرتە زیاتر تیشك خستنە سەر ئەنجامەكانی ڕوپێوەكەیە لە پارێزگای هەولێر، نیشاندەرە بەدەستهاتووەكانی پارێزگای هەولێر و قەزاكانی خراونەتە ڕوو و شیكردنەوەیان بۆ كراوە. هەروەها لەو بابەتانەی پێویستی كردووە نیشاندەرەكان لە سەر ئاستی هەرێمی كوردستانیش خراونەتە ڕوو، ئەنجامەكان لە پارێزگای هەولێر لەگەڵ كۆی هەرێمی كوردستان یان هەردوو پارێزگاكەی دی (دهۆك و سلێمانی) خراونەتە ڕوو.

بۆ ئاسانكاری خوێندنەوە و بەردەستبوونی زانیاریەكان لە هەر بابەتێك هەرچی خشتە و هێڵكاری ئاماری پێویستە لەگەڵ بابەتەكان داندراون، وامان بە باش زانیوە خشتە و هێڵكاریەكان لەگەڵ شیكردنەوەكان بەردەست بن نەك بخرێنە لیستی هاوپێچ، بۆیەش پێویستیان بە ژمارەكردن نەبووە.

بەشەكی شیكردنەوەی ئەنجامەكانی روپێوەكە لە راپۆرتی روپێوی دیمۆگرافی هەرێمی كوردستانی عێراق (Demographic Survey – Kurdistan Region of Iraq) وەرگیراون، كە بە زمانی ئینگلیزی بلاو كراوەتەوە. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر بە پێویستی زانی بە زمانی كوردیش بخرێتە بەردەست. بەشەكی دی شیكردنەوەی ئەنجامەكانی روپێوەكە لە لایەن بەڕیوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر ئەنجام دراوە، بە تایبەتی ئەو ئەنجامانەی بە دیاریكراوی پەیوەستن بە پارێزگای هەولێر و وردبوونەوە بۆ ئاستی قەزاكانی پارێزگای هەولێر.

بەڕیوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر هیوادارە ئەنجامەكانی ئەم روپێوە دیمۆگرافیە یارمەتیدەر بێت بۆ دامەزراوە حكومیەكانی پارێزگای هەولێر، رێكخراوەكانی مرۆیی و هاوكاریكردن، خوێندكارانی زانكۆكان و توێژەران بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پلان و بەرنامەی باشتریان هەبێت بە بەردەستبوونی نوێترین و گونجاوترین داتا دەربارەی پێكهاتەی دانیشتوانی هەولێر.

راپۆرتەكە حەوت بەشە، وێنەیەكی گشتگیری دیمۆگرافی دەداتە بەردەست. بەشەكان بەم ناونیشانانە دارێژراون: (1) دانیشتوان؛ (2) خاڵە لاوازەكان؛ (3) خوێندەواری و پەروەردە؛ (4) هێزی كار و داهات؛ (5) شوێنی نیشتەجێبوون و ژێرخان؛ (6)خاوەنداریەتی كەلوپەلی ناو ماڵ؛ (7) مردن و ونبوونی ئەندام لە خێزان.

## پوختەی نیشاندەرە سەرەکیەکان

لە ساڵی 1987وە تاکو ئێستا دوایین سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە عێراق ئەنجام دراوە. ئەو کات هەرێمی کوردستان گەشەیەکی دانیشتوانی خێرای هەبوو، کە نیوەی دانیشتوانەکەی تەمەنیان لە خوار 15 ساڵیەوە بوو. ئێستا بە هۆی پەیوەستبوون بە پرۆسەی شارنشین بوون رێژەی بە پیتی دانیشتوان بەرەو سەقامگیری هاتووە بە جۆرێك قەبارەی خێزان لە پارێزگای هەولێر لە 6.2وەوە بۆ 5.1 بچوك بۆتەوە. لە هەرێمی کوردستان، رێژەی تەمەنی پشتپێبەستن (الاعالة العمرية) بۆ نزیکەی نیوەی 1987 دابەزیوە، (لە 113وە بۆ 64 کەس) بەرامبەر هەر 100 کەسی تەمەنی کارکردن دابەزیوە. لە پارێزگای هەولێریش بە هەمان شێوە و لە هەمان ماوە هاوتەریب ئەم گۆڕانەی رێژەی تەمەنی پشتپێبەستن روویداوە کە لە 115وە بۆ 65 کەس بەرامبەر هەر 100 کەسی تەمەنی کارکردن دابەزیوە.

سەبارەت بە کوالێتی باری گوزەرانی خێزانەکان لە پارێزگای هەولێر، لەم راپۆرتە بەدی کراوە بەشی زۆریان کەلوپەلی سەرەکی ناو ماڵیان هەیە، هەروەها سێ لە چواری خێزانەکان خاوەنی ئەو خانووەن کە تێیدا نیشتەجێن، تۆری گشتی کارەباش بۆ هەموو خێزانەکان گەیێندراوە. لە هەمان کاتدا بەپێی راپۆرتەکە دەرکەوتووە کە 84%ی خێزانەکان داهاتی مانگانەیان لە یەك ملیۆن دیناری عێراقی کەمترە. هەروەها لەبەر ئەوەی دوو لە سێی خێزانەکان داهاتیان لە حکومەتەوە دەست دەکەوێت بۆیە حکومەتی هەرێم نزیکە لە پێناسەی ئابوری بە کرێ دراو (الاقتصاد الريعي)، بە هۆکاری قەیرانی دارایش پالەپەستۆیەکی زۆر کەوتۆتە سەر کەرتی تایبەت کە ئێستا خاوەنی تەنها لە 30%ی هێزی کارە. پوختەی ئەنجامی نیشاندەرە سەرەکیەکان لەم خاڵانەی خوارەوە خراونەتە روو:

1. لە رووی گروپەکانی تەمەن لە سنوری پارێزگای هەولێر نزیکەی (35%) ی دانیشتوان لەخوار تەمەنی (15) ساڵیەوەن و نزیکەی (61%) یان لەگروپی تەمەنی چالاکی کارکردنن واتە لە تەمەنی (15-64) ساڵی دان هەروەها (4%)یشیان لەتەمەنی (65) ساڵی یان سەروترن. لە کاتێکدا لەساڵی (1987) لەهەرێمی کوردستان( 47%)یان لەخوار تەمەنی (15)ساڵی دابوون و (50%) شیان لەگروپی تەمەنی چالاکی کارکردن دابوون.
2. لە پاریزگای هەولێر رێژەی نێر و مێ یەکسانن بە یەکتر، واتا هەریەکەیان نیوەی دانیشتوان پێکدەهێنن، لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە هەردوو رەگەز رێژەیان یەکسانە بە یەکتر.
3. بەراورد بە ساڵی (1987) قەبارەی خێزان لەپارێزگای هەولێر لە (6.4) ەوە بۆ (5.1) کەس بچوك بۆتەوە، ئەم بچوك بوونەوە پەیوەستە بە پرۆسەی شارنشین بوون و گۆڕانکاری لە تێروانینی خێزانەکان و باری ئابوری.
4. سەبارەت بەتەمەنی هاوسەرگیری یەکەم لەنێوان هەردوو رەگەز جیاوازیەکی کەم هەیە بەشێوەیەك تێکرای تەمەنی هاوسەرگیریکردنی یەکەم لە رەگەزی مێ (20.4) ساڵە، لە رەگەزی نێر (24.5) ساڵە.
5. رێژەی خێزانەکانی حالەتی فرەژنیان هەیە لە پارێزگای هەولێر بریتیە لە 1.1%.
6. ئافرەتان لەپارێزگای هەولێر بە گشتی لە کۆتایی تەمەنی (20) ساڵی و سەرەتای تەمەنی (30) ساڵیدا یەکەم ئەزمونی منداڵبونیان دەبێت بە تێکرایی هەر ئافرەتێك لەتەمەنی خۆیدا (3) منداڵی دەبێت و کەمتریش لە (5%) ئافرەتان هیچ منداڵێکیان نەبوە. هەروەها ئەو ئافرەتانەی بروانامەی خوێندنیان بەرزترە درەنگتر و کەمتر ئارەزووی بوونی منداڵ دەکەن.

7. (89%) خێزانەکان لەسنوری پارێزگای هەولێر لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن ئەو رێژە کەمەی خێزانەکانیش لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن زیاتر بو هۆکاری بێوەژن بوون دەگەرێتەوە.

8. رێژەی کەسانی خاوەن ئاستەنگی عەقلی یان جەستەیی لە پارێزگای هەولێر بریتیە لە 3%.

9. مردنی منداڵی ساوا (تەمەن ساڵێك یان بچوکتر) لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2017 بریتیە لە 23 منداڵ لە هەر 1000 منداڵێك. بەراورد بە ساڵی 2011 رێژەی مردنی منداڵانی ساوا کەم بۆتەوە کە بەپێی روپێوی فرە نیشاندەری (MICS) لەساڵی 2011 دا لەهەر (1000) منداڵی ساوا 28یان مردوون.

10. سەبارەت بەئاستی خوێندەواری لە کەسانی تەمەنی (6) ساڵی و سەروتر دەرکەوتوە کە لە (80.8%)ی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر خوێندەواریان هەیە، بەمەش رێژەی خوێندەواری بەرزترە لە هەریەك لە دوو پارێزگاکەی دیکەی هەرێمی کوردستان.

11. (37.6%)ی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر لە تەمەنی 12-64 بەشدارن لە هێزی کار، واتا کاریان هەیە یان بە دوای کاردا دەگەڕێن. لە نێویشیاندا (62.4%) یان لە رەگەزی نێرن تەنها (12.9%) یان لەرەگەزی مێن. ئەوەش دەرکەوتوە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەبوونی بروانامە پەیوەندی بەهێزی هەیە بە بەشداریکردن لەهێزی کاردا بە تایبەتیش لای ئافرەتان؛ ئەو ئافرەتانەی بروانامەی ئامادەیی و سەرووتریان هەیە 44.4%یان بەشدارن لە هێزی کار، لە کاتێکدا ئەو ئافرەتانەی بروانامەی بنەڕەتی/ناوەندی یان سەرەتاییان هەیە 5.4%یان لە هێزی کاردا بەشدارن، هەروەها ئەو ئافرەتانەی بێ بروانامەن 4%یان لە هێزی کاردا بەشدارن.

12. رێژەی کەسانی کارکەر لە کەرتەکاندا جیاوازیان هەیە، لە سنوری پارێزگای هەولێر دەرکەوتووە نزیکەی نیوەی ئەوانەی کار دەکەن لەکەرتی حکومیدان بەتایبەتیش (78.6%)ی ئەو ئافرەتانەی کار دەکەن لەکەرتی حکومیدان و لە (8.1%) یان لەکەرتی تایبەت کار دەکەن و رێژەی (2.6%)یان کاری خۆیان هەیە کەچی دۆخی کارکردنی پیاوان لەکەرتەکان جۆراو جۆرەو لەسنوری پارێزگای هەولێر رێژەی (44.7%) ی پیاوانی کارکەر لە کەرتی حکومیدان، (10.3%)یان لەکەرتی تایبەتن، (18.8%)یان بۆ خۆیان کار دەکەن، (20.9%)یان کرێکاری رۆژانەن هەروەها (4.7%)یان خاوەن کارن.

13. رێژەی بێکاری لە پارێزگای هەولێر (9.2%)ە، رەگەزی مێ (16.7%)یان بێکارن، رەگەزی نێر (7.7%)یان بێکارن واتا کاریان نیە و بە دوای کاردا دەگەڕێن. لە کاتێکدا لە سەرئاستی هەرێمی کوردستان رێژەی بێکاری بریتیە لە 10.2%.

14. داهاتی مانگانەی خێزانەکان لە پارێزگای هەولێر بەمشێوەی خوارەوە:

- ❖ (34.1%) ی خێزانەکان بڕی داهاتی مانگانەیان کەمترە لە 500000 دینار
- ❖ (50.1%)ی خێزانەکان بڕی داهاتیان لەنێوان (500000-1000000)دینارە.
- ❖ (15.8%)ی خێزانەکان بڕی داهاتیان لە یەك ملیۆن دینار زیاترە.

15. بە گشتی کەرتی حکومی سەرچاوەی سەرەکی داهاتی خێزانەکانە و (2/3)ی خێزانەکان موچەیان لەکەرتی حکومەت دا هەیە، بەجۆرێك لە پارێزگای هەولێر (48.9%)ی خێزانەکان بە لایەنی کەم ئەندامێکیان فەرمانبەری حکومەتەو (16.4%)یان خانەنشینەو (15.1%)یان لە کەرتی تایبەت کاردەکەن، (16%)یان خاوەن کارن کەمتریش لە (3.3%) لە کەرتی کشتوکاڵیدا کار دەکەن.


16. شوێنی نیشتەجێبوون سێکتەرێکی دیکەیە لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێدراوەو دەریدەخات لەسنوری پارێزگای هەولێر (75%)ی خێزانەکان خاوەندارێتی ئەو نشینگەیە دەکەن کە تێیدا نیشتەجێن، لە کاتێکدا (4.6%)ی خێزانەکان شوێنی نیشتەجێبوونیان لەلایەن کەسێکی نزیکی خۆیان بەبێ بەرامبەر بۆ دابین کراوە.
لەڕوی کارەباوە وێڕای ئەوەی هەموو خێزانەکان تۆڕی گشتی کارەبایان بۆدابین کراوە کەچی لەسنوری پارێزگای هەولێر(89.7%)ی خێزانەکان بۆ پڕکردنەوەی سەعاتەکانی نەبوونی کارەبای گشتی مۆلیدەی گەڕەکەکان بەکار دێنن و (4.3%)شیان مۆلیدەی تایبەتی خۆیان بەکار دێنن .
17. لە پارێزگای هەولێر زۆربەی هەرە زۆری خێزانەکان کەلوپەل و بابەتاکانی وەکو تەلەفزیۆن، بەفرگر، تەباخیان هەیە، (38.7%)ی خێزانەکان ئوتومبیلیان نیە، (67%) یان ئامێری IT (کۆمپیوتەر و تابلێتی)یان نیە ،هەروەها ( 55%)یان هێلی ئینتەرنێتیان لەبەر دەستدا نیە ،( 22.9%) شیان هیچ لە ئەندامەکانیان مۆبایلی زیرەکیان نیە.
18. ناسەقامگیری لە دۆخی خێزانەکان چەند هۆکارێکی پەیوەست بە تایبەتمەندی کۆمەلایەتی و ئابوری و رۆشنبیری و تەندروستی هەیە لەوانە (تەمەن، رەگەزی سەرۆك خێزان، ئاستی خوێندن، دۆخی کارکردن) بۆ نمونە زۆرینەی ئەو خێزانانەی ژن سەرۆکایەتیان دەکەن داهاتی مانگانەیان لە (500000) دینار کەمترە بەراورد بەو خێزانانەی پیاو سەرۆکایەتیان دەکات.
19. رێژەی ونبوونی بە لایەنی کەم ئەندامێکی خیزان لە خێزانەکانی پارێزگای هەولێر بریتیە لە 1%، کە ئەم رێژەیەی خیزان لە ساڵی 2014 وە تاکو 2017 بە لایەنی کەم ئەندامێکی خێزانیان ون بووە.
20. 3%ی خیزانەکانی پارێزگای هەولێر لە ساڵی 2014وە تاکو 2017 حالەتی مردنی ئەندامێك یان زیاتر تێیاندا روویداوە.

# بەشی یەکەم: دانیشتوان (POPULATION)

1. قەبارەی دانیشتوان (Population Size)
2. دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین (Urban and rural population)
3. رەگەزنامە، وڵاتی لە دایکبوون و شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی
4. پێکهاتەی تەمەن و رەگەز (Age and sex structure)
5. پشتپێبەستن و رێژەی رەگەز (Dependency and sex ratios)
6. پێکهاتەی خێزان ( Household composition)
7. قەبارەی خێزان (Household size)
8. باری هاوسەرگیری (Marital status)
9. فرەژنی (Polygamy)
10. تەمەن لە هاوسەرگیریدا (Age at marriage)
11. سکپڕی و لەدایکبوون Fertility and birth


## بەشی یەکەم: دانیشتوان (POPULATION)

### 1. قەبارەی دانیشتوان Population Size




لە کاتی سەربەخۆیی بوونی عێراق ساڵی 1932، کە بەریتانیەکان عێراقیان جێهێشت ژمارەی دانیشتوانی عێراقیان بە 3,500,000 کەس خەملاند. پاشان سەرژمێری دانیشتوان لە ساڵی 1947 ئەنجام درا کە دەریخست دانیشتوانی عێراق نزیکەی 4,800,000 کەس بوو، هەر لەم ساڵەدا دانیشتوانی پارێزگای هەولێر نزیکەی 239,776 کەس بوو. دواتر دانیشتوانی پارێزگای هەولێر لە سەرژمێری ساڵی 1957 بووە 273,383 کەس. لە ساڵی 1965 ژمارەی دانیشتوانی هەولێر 360,285 کەس بوو، لە ساڵی 1977 گەیشتە 456,541 کەس. لە ساڵی 2009 حکومەتی عێراق ئامادەکاری کرد بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوان لە ئەنجامی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان ژمارەی دانیشتوانی هەولێر بەدەست هات کە بریتی بوو لە 1,706,182 کەس. هەرچەندە لە عێراق نەتواندراوە سەرژمێری دانیشتوان بکرێتەوە هەتا ژمارەی تەواو وەربگیرێت بۆ هەموو پارێزگاکان بەڵام بە خەملێندراوی لەسەر بنەمای ساڵ بە ساڵی تێکرای ڕێژەی گەشەی دانیشتوان ساڵی 2017 ژمارەی دانیشتوانی هەولێر گەیشتە 2,113,391 کەس، کە تێکرای گەشەی ئەم ساڵە بریتی بوو لە 0.25% .

### 2. دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین Urban and rural population




ڕێژەی دانیشتوان لە ناوچەکانی شارنشینی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 1977 تاکو ساڵی 1987 بە ڕێژەی 24% زیادی کرد. زیادبوونی ڕێژەی شارنشین لە هەولێر بەردەوامی هەبوو تا لە 2014 گەیشتە 84%. ئەم ڕێژەی شارنشینی لە هەولێر زۆر نزیکە لە ڕێژەی شارنشینی سلێمانی کە 85% ی دانیشتوانی سلێمانی لە هەمان ساڵ شارنشین بووینەوە، بە هەمان شێوەی هەولێر شارنشینی تێیدا هەڵکشاوە بەڵام لە دهۆك ڕێژەکە بە 75% جێگیر ماوەتەوە لە هەمان ساڵدا.
زۆربوونی دانیستوانی شارنشین تەنها بەهۆی ئابوری شار نەبووە وەك بەرەوپێشچوونی ئابوری شار بەڵکو ئەو

بارودۆخانەی بەسەر عێراقدا هاتوون کاریگەریان هەبووە، تیایدا شەڕی نێوان عێراق و ئێران (1980-1988)، شەڕی کەنداو 1991، ڕوداوەکانی دوای گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە 2003، هەروەها دروستبوونی قەیرانەکانیش کاریگەریان هەبووە.

## 3. ڕەگەزنامە، وڵاتی لە دایکبوون و شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی

96.6% ی دانیشتوانی هەولێر لە دایکبووی عێراقن، 97.5% ی دانیشتوانی هەولێر ڕەگەزنامەی عێراقیان هەیە. بەراورد بە هەردوو پارێزگاکەی دی هەرێمی کوردستان دانیشتوانی لە دایکبووی عێراق لە پارێزگای هەولێر کەمترە لە کاتێکدا دانیشتوانی لە دایکبووی عێراق لە سلێمانی بریتیە لە 98.9%، لە دهۆك بریتیە لە 99%.

| خێزانەکانی شوێنی نیشتەجێبوون هەمیشەیی و ناهەمیشەیی | | |
|---|---|---|
| % | نیشتەجێبووی هەمیشەیی | نیشتەجێبووی ناهەمیشەیی |
| **هەولێر** | 97.1 | 2.9 |
| **دهۆك** | 97.7 | 2.3 |
| **سلێمانی** | 97.5 | 2.5 |
| **هەرێمی کوردستان** | 97.4 | 2.6 |
| **شارنشین** | 97.2 | 2.8 |
| **گوندنشین** | 98.2 | 1.8 |

ڕێژەی دانیشتوانی ناهەمیشەیی (ئەو خێزانانەی لە ماوەیەکی دیاریکراو شوێنی نیشتەجێبوونیان لە سنوری قەزایەك بۆ قەزایەکی دی گۆڕیوە)، وەك لە خشتەی پەیوەندارردا دیارە؛ لە هەولێر ڕێژەی نیشتەجێبوونی ناهەمیشەیی بریتیە لە 2.9% خێزان، ئەم ڕێژەش بەرزترە لە هەردوو پارێزگاکەی دیکەی هەرێمی کوردستان (لە دهۆك 2.3% خێزان، لە سلێمانی 2.5%خێزان). ئەمە لە کاتێکدا کە ڕێژەی دانیشتوانی ناهەمیشەیی لە هەرێمی کوردستان بە گشتی بریتیە لە 2.6%، بە دیاریکراوی لە شوێنە شارنشینەکانی هەرێمی کوردستان بریتیە لە 2.8%، لە شوێنەکانی گوندنشین بریتیە لە 1.8%، واتا نیشتەجێبوونی ناهەمیشەیی لە شار زیاترە بەراورد بە گوند.


سەبارەت بە قەزاکانی پارێزگای هەولێر، قەزای خەبات بەرزترین ڕێژە (8.6%)ی دانیشتوانی ناهەمیشەیی هەیە بەراورد بە قەزاکانی دیکەی پارێزگای هەولێر، لە کاتێکدا قەزای سۆران لە ئەنجامەکەی بە کەمترین ڕێژە دەرچووە.


خێزانەکانی شوێنی نیشتەجێبوون هەمیشەیی و ناهەمیشەیی لە قەزاکانی هەولێر

| % | دانیشتوی جێگیر | دانیشتوی ناجێگیر |
|---|---|---|
| ناوەندی هەولێر | 98.2 | 1.8 |
| چۆمان | 99.7 | 0.3 |
| دەشتی هەولێر | 91.5 | 8.5 |
| خەبات | 91.4 | 8.6 |
| کۆیە | 97.3 | 2.7 |
| مێرگەسۆر | 99.2 | 0.8 |
| ڕەواندوز | 99.7 | 0.3 |
| شەقلاوە | 97.2 | 2.8 |
| سۆران | 100 | 0.0 |

## 4. پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز (Age and sex structure)


هەرەمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە 2017 بەراورد بە 1987 زیاتر شێوەی سێگۆشەیی و بڵاوبوونەوەی دانیشتوان نیشان دەدات لە هەردوو ڕەگەز (نێر و مێ)، زیادبوونی چینی گەنج بە زەقی دەردەکەوێت. نزیکەی 45% ی دانیشتوان لە تەمەنی خوار 20 ساڵیەوەن، تەمەنی بچوکتر بە شێوەیەکی ڕێك گواستراوەتەوە بەوەی کە هەر گروپێکی تەمەن بە نزیکەی قەبارەی خۆی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەمەش نیشانمان دەدات کە ڕێژەی منداڵبوون کەمی کردووە. بۆشاییەکی کاریگەر دەردەکەوێت لە گروپی تەمەنی 55-59 ساڵی 2017 ی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە گواستنەوەی یان جێگرتنەوەی ڕەگەزی نێری ئەم گروپەی تەمەن. ئەمەش ڕەنگدانەوەی گواستنەوەی گروپی تەمەنی (25-29)ە لە 1987 وەك لای چەپی هەرەمی دانیشتوانی 2017 بچوکبوونەوە لە جێگرتنەوەی ئەم گروپەی تەمەن دەرکەوتووە.





لێرەدا هەندێك ڕوداوی مێژوویی عێراق و هەرێمی کوردستان یارمەتیدەرن بۆ شیکردنەوەی ئەو گۆڕانانەی لە هەرەمی دانیشتوان ڕویانداوە.

لە ساڵی 1961 شۆڕشی کورد دەستی پێکرد و خەڵکی کورد بەشداریان تێدا کرد. لە دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە نێوان حکومەتی ئێران و عێراق و نسکۆی شۆڕش  بە دەیان هەزار خێزانی کورد کۆچیان کرد بۆ ئێران..
لە نێوان ساڵانی 1986 و 1989 حکومەتی عێراق پرۆسەی ئەنفالی ئەنجامدا و بە دەیان هەزار خەڵکی کوردی کوشت. هەروەها دەیان هەزار خەڵکی کورد بە شێوەی ڕێکخراو ناچار کران بکەونە دەرەوەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان.
لە 16/3/1988 بە هەزاران خەڵکی کورد بە هێرشی کیمیابارانکردن لە شارۆچکەی هەڵەبجە لە لایەن حکومەتی عێراق جینۆساید کران. هەروەها شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵانی (1980-1988 ) کاریگەری هەبووە.




ئەو ڕوداوانە بوونە هۆی کەمبوونەوەی منداڵبوون، زیادبوونی مردن و کۆچکردن. ڕێژەیەك لە نێو گروپەکانی تەمەن زیاتر بە ڕاستەوخۆیی کاریگەریان لێکرا بە هۆی ئەو ڕوداوانە، وەك دەرکەوتووە گەنجانی پێگەیشتووی نێر قەبارەیان بچوکبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە. ئەمەش بە دیاریکراوی دەرکەوتووە لە خەڵکانی گروپی تەمەن 55-59  لە هەرەمی دانیشتوانی ساڵی 2017 ی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا هەرەمەکە لە لای چەپیەوە بچوك بووە و جێگرتنەوەی ڕەگەزی نێر کەمتر درێژ بۆتەوە لە گروپەکانی تەمەنی 30-54.
شیکردنەوەی هەرەمی دانیشتوانی ساڵەکانی 1965 و 1977 ئەم دەرەنجامە دەردەخات بەوەی کە جیاوازی ڕەگەزی نێر لە ساڵی 1977دا هەیە بەڵام لە ساڵی 1965دا نیە.

هەرەمی دانیشتوانی هەولێر لە ساڵی  2017  لێکچوونی بەرچاو لەگەڵ هەرەمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نیشان دەدات. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە گۆڕانکاریەکانی هەرێمی کوردستان لە گروپەکانی تەمەن بۆ هەردوو ڕەگەز لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان (هەولێر، دهۆك و سلێمانی) بە نزیکی هاوتەریب بووە. هاوشێوەی کۆی هەرێمی کوردستان گروپی تەمەنی خوار 20 ساڵی نزیکەی 45% ی دانیشتوانن. وەك لە هەرەمی دانیشتوانی هەولێر



دەردەکەوێت هاوشیوەی هەرێمی کوردستان لە هەولێریش گواستنەوە یان جێگرتنەوەی گرووپی تەمەنی 25-29 ی ڕەگەزی نێر لە ساڵی 1987وە تا گەیشتۆتە 2017 کەم بۆتەوە بۆیەش گرووپی تەمەنی 55-59 ی ڕەگەزی نێر لە هەولێریش بچوکبوونەوەی بەرچاوی پێوە دیارە.

سەبارەت بە ڕیژەی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ زۆر بە نزیکی هەر ڕەگەزەی نیوەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر پێکدەهێنن. نیشانده‌رێکی تر لە گروپەکانی تەمەن دەریدەخات ڕێژەی نێر کە نزیکەی 24%ە لە تەمەنی خوار 20 ساڵی زیاترە لە ریژەی مێ کە 22.5%ە. لە گرووپی تەمەنی 20-34 ڕێژەی هەردوو ڕەگەز یەکسانن، لە گرووپەکانی تەمەنی سەروو 34 ساڵی بە شێوەیەکی گشتی ریژەی مێ زیاد دەکات. ئەمەش بۆمان دەردەخات کە لە تەمەنی بچوکتر نێر زیاترە بەڵام لە تەمەنی گەورەتر مێ زیاترە، بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی جیهانیش هەر بەم شێوەیە.

## 5. پشتپێبەستن و ڕیژەی ڕەگەز (Dependency and sex ratios)

شیکردنەوەی پشتپێبەستن و ڕێژەی ڕەگەز ڕێگەمان دەدات قوڵتر لە پێکهاتەی تەمەن و ڕێژەی ڕەگەز لە هەرێمی کوردستان روو بچین و بەراورد لە نیوان پارێزگاکاندا بکەین. لە پارێزگای هەولێر پشتپێبەستنی منداڵان (تەمەن بچوکتر لە 15 ساڵ) ڕێژەی 35.5%، تەمەنی پشتپێبەستنی بە ساڵاچوان (تەمەن سەروو 64 ساڵ) ڕێژەی 4%، تەمەنی کارکردن (تەمەن 15-64 ساڵ) ڕێژەی 60.5% ی دانیشتوان پێکدەهێنن.

لە هەولێر 58 کەسی تەمەن بچوکتر لە 15 ساڵ هەن بەرامبەر هەر 100 کەس لە تەمەنی کارکردندا. لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان 56 کەسی تەمەن بچوکتر لە 15 ساڵ هەن بەرامبەر هەر 100 کەس لە تەمەنی کارکردن. لە ئەنجامی پشتپێبەستنی بەساڵاچوان (تەمەن سەروو 64 ساڵ) بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەولێر و دهۆك بەرامبەر هەر 100 کەسی تەمەنی کارکردن 6 کەسی بەساڵاچوو هەن. بەراورد بە هەولێر و دهۆك پشتپێبەستنی بەساڵاچوان لە سلێمانی زیاترە کە تێیدا 8 کەسی بەساڵاچوو هەن بەرامبەر هەر 100 کەسی تەمەنی کارکردن. ئەمە لە کاتێکدا بەساڵاچوان لە هەولێر نزیکەی 4%ی دانیشتوان پێکدەهێنن، لە دهۆك 3.4%، لە سلێمانی 5.2%ی دانیشتوان پێکدەهێنن.


**ڕێژەی پشتپێبەستن Dependency Ratio**


| % | پشپێبەستنی گەنجان Youth Dependency | پشتپێبەستنی تەمەن گەورە Elderly Dependency | کۆی پشتپێبەستن لە شارنشین Total Dependency Urban | کۆی پشتپێبەستن لە گوندنشین Total Dependency Rural | کۆی پشتپێبەستن (2017) Total Dependency | کۆی پشتپێبەستن (1987) Total Dependency |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 58 | 6 | 63 | 72 | 65 | 115 |
| دهۆك | 64 | 6 | 65 | 80 | 69 | 115 |
| سلێمانی | 51 | 8 | 58 | 59 | 59 | 109 |
| هەرێمی کوردستان | 56 | 7 | 62 | 70 | 64 | 103 |


لە دانیشتوانی شارنشینی سەرجەم هەرێمی کوردستان خەڵکی تەمەن بچوکتر لە 15 ساڵ و گەورەتر لە 64 ساڵ 62 کەس هەن بەرامبەر هەر 100 کەسی تەمەنی کارکردن (تەمەن 15-64 ساڵ). لە هەولێر 63 کەس تەمەن بچوکتر لە 15 ساڵ و گەورەتر لە 64 ساڵ هەن بەرامبەر هەر 100 کەسی تەمەنی کارکردن.
بەراورد بە ساڵی 1987 رێژەی پشتپێبەستن نزیکەی نیوە بووە (لە 113 گەیشتۆتە 64). ئەمەش بە هۆی زیادبوونی دانیشتوانی تەمەنی کارکردنەوەیە بەراورد بە دانیشتوانی تەمەن بچوکتر لە 15 ساڵ.

## 6. پێکهاتەی خێزان (Household composition)

هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان هەریەکەیان کاریگەریان هەیە لە زیادبون و کەمبونی رێژەی نێر یان مێ بۆ سەرپەرشتیکردنی خێزان. بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 90%ی سەرۆکی خێزانەکان لە رەگەزی نێرن، لە کاتێکدا تەنها 10%ی سەرۆك خێزانەکان مێن. لە هەولێر 10.7%ی سەرۆك خێزانەکان لە رەگەزی مێن، بەوەش هەولێر رێژەکی بەرزتری سەرۆك خێزانی مێی هەیە لە دهۆك (8% سەرۆك خێزانی مێ)، لە کاتێکدا رێژەی سەرۆك خێزانی مێ لە هەولێر کەمترە بەراورد بە سلێمانی (11.2% سەرۆك خێزانی مێ).









لە نێوان قەزاکانی پارێزگای هەولێر قەزای مێرگەسۆر بەرزترین رێژە (17.4%) ی سەرۆك خێزانی مێی هەیە بەراورد بە قەزاکانی دیکەی پارێزگای هەولێر. لە کاتێکدا قەزای چۆمان نزمترین رێژە (6.4%) ی سەرۆك خێزانی مێی هەیە.

**رەگەزی سەرۆك خێزان لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر (بە رێژەی سەدی)**


| % | مێ | نێر |
|---|---|---|
| ناوەندی هەولێر | 11.9 | 88.1 |
| چۆمان | 6.4 | 93.6 |
| دەشتی هەولێر | 8.4 | 91.6 |
| خەبات | 8.6 | 91.4 |
| کۆیە | 9.3 | 90.7 |
| مێرگەسۆر | 17.4 | 82.6 |
| رەواندوز | 14.6 | 85.4 |
| شەقڵاوە | 9.4 | 90.6 |
| سۆران | 8.6 | 91.4 |


لە هەرێمی كوردستان ناوچە شارنشینەكان رێژەی سەرۆك خیزانی مێیان بەرزترە  لە ناوچە گوندنشینەكان، هەروەك دەركەوتووە لە ناوچە شارنشینەكان 10.8%ی خێزانەكان سەرۆك خێزانیان ژنە، لە كاتێكدا لە ناوچە گوندنشینەكان 8.4%ی خێزانەكان سەرۆك خێزانیان ژنە.






سەرۆك خێزانی مێ لە ناو خێزانەكانی قەبارە یەك كەسی رێژەكەی زۆر بەرزە كە 84.3%ە. لە كاتێكدا لە ناو خێزانەكانی قەبارە دوو كەسی رێژەی سەرۆك خێزانی مێ زۆر نزم دەبێتەوە بۆ نزیكەی چوار هێندە كە 21.6%ە، لە ناو خیزانەكانی قەبارە سێ كەسی یان زیاتر رێژەكە بە رادەیەكی زۆرتر نزم دەبێتەوە بۆ 7.1%.




لە ناو خێزانەكانی خاوەن نزمترین داهات (داهات كەمتر لە 500000 دینار) بەرزترین رێژە (16.3%)ی خێزانی سەرۆك خێزان مێ هەیە بەراورد بە خێزانەكانی خاوەن داهاتی زیاتر. لە كاتێكدا لە ناو خێزانەكانی داهات 750000 -999000 دینار نزمترین رێژە (5.6%)ی خێزانی سەرۆك خێزان مێ هەیە بەراورد بە خێزانەكانی خاوەن داهات كەمتر یان زیاتر لەم برە پارە.




## 7. قەبارەی خێزان (Household size)

تێکرای قەبارەی خیزان لە هەرێمی کوردستان 5.1 کەسە بۆ هەر خیزانێك. هەولێر هەمان تیکڕای قەبارەی خیزانی هەیە، لە کاتێکدا دهۆك گەورەترین قەبارەی خیزانی هەیە (6.2) و سلێمانیش بچوکترین قەبارەی خیزانی هەیە (4.6) بەراورد بە هەردوو پارێزگاکەیدی. لە هەر یەك لە سێ پارێزگاکە قەبارەی خیزانی گوندنشینان گەورەترە لە هی شارنشینان، هەروەك لە هەولێر بە بڕی 0.4، لە دهۆك 0.5 و لە سلێمانی 0.4 قەبارەی خیزان لە گوندنشینان زیاترە بەراورد بە شارنشینان.

| تێکڕای قەبارەی خێزان (1987 و 2017) | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | هەولێر | | | دهۆك | | | سلیمانی | | | هەرێمی کوردستان | | |
| | شار | گوند | کۆ | شار | گوند | کۆ | شار | گوند | کۆ | شار | گوند | کۆ |
| 1987 | 6.5 | 6 | 6.4 | 7.2 | 6.4 | 7 | 5.9 | 5.7 | 5.8 | 6.3 | 6 | 6.2 |
| 2017 | 5 | 5.4 | 5.1 | 6 | 6.5 | 6.2 | 4.5 | 4.9 | 4.6 | 5 | 5.6 | 5.1 |

بەراورد بە ساڵی 1987 لە هەرێمی کوردستان تێکرای قەبارەی خێزان کەمبۆتەوە لە 6.2ەوە بۆ 5.1 کەس بۆ هەر خیزانێك. لە هەولێر کەمبوونەوەکە لە هەمان ماوە زیاترە بەراورد بە هەرێمی کوردستان کە قەبارەی خیزان لە 6.4ەوە بۆ 5.1 کەمبۆتەوە. ئەم کەمبوونەوەی تێکڕای قەبارەی خیزان لە شار زۆر خیراتر و بەرچاوترە وەك لە گوند. ئەم جیاوازیەی گۆرانکاری قەبارەی خێزان لە نیوان شار و گوند دەکرێ بە هۆی کاریگەری بەرزبوونەوەی ئابوری ناوچە شارنشینەکان و گۆڕان لە شێوەی بیرکردنەوەی ژیان بێت.

له نیوان قەزاكانی پارێزگای هەولێر قەزای خەبات گەورەترین تێكڕای قەبارەی خێزانی هەیە كە هەر خێزانێك بە تێكڕایی 5.72 كەسی بەردەكەوێت، لە كاتێكدا قەزای مێرگەسۆر بچوكترین تێكڕای قەبارەی خێزانی هەیە كە هەر خێزانێك بە تێكڕایی 4.65 كەسی بەردەكەوێت.

**تێكرای قەبارەی خێزان لە قەزاكانی پارێزگای هەولێر**

| قەزا | تێكڕای قەبارەی خێزان |
|---|---|
| ناوەندی هەولێر | 4.92 |
| چۆمان | 5.24 |
| دەشتی هەولێر | 5.12 |
| خەبات | 5.72 |
| كۆیە | 4.82 |
| مێرگەسۆر | 4.65 |
| رەواندوز | 4.80 |
| شەقلاوە | 5.22 |
| سۆران | 5.48 |

لە هەرێمی كوردستان ئەو خێزانانەی سەرۆك خێزانیان بڕوانامەیان بەرزترە قەبارەی خیزانیان بچوكترە لەو خێزانانەی سەرۆك خێزانیان بڕوانامەیان نزمترە یان بێ بڕوانامەن.

**تێكڕای قەبارەی خێزان بەپێی بڕوانامەی سەرۆك خێزان لە**

| بڕوانامەی سەرۆك خێزان | تێكڕای قەبارەی خێزان |
|---|---|
| بێ بڕوانامە | 5.2 |
| سەرەتایی، ناوەندی یان بنەڕەتی | 5.1 |
| ئامادەیی یان سەرووتر | 4.7 |

هەروەك لە ئەنجامدا دەركەوتووە خێزانەكانی سەرۆك خێزانیان بێ بڕوانامەن یان بڕوانامەی سەرەتایی، ناوەندی و بنەڕەتیان هەیە قەبارەی خێزانیان نزیكەی 5 كەسە بۆ هەر خێزانێك، لە كاتێكدا خێزانەكانی سەرۆك خێزانیان بڕوانامەی ئامادەیی یان بەرزتریان هەیە هەر خێزانەی 4.7 كەسن.

لە هەرێمی كوردستان گەورەبوونی قەبارەی خێزان پەیوەندیەكی راستەوانەی هەیە لەگەڵ زیاد بوونی داهاتی خێزان. خێزانەكانی خاوەن بەرزترین داهات (داهاتی خێزانی ملیۆنێك یان زیاتر )گەورەترین تێكڕای قەبارەی خێزان (5.9) كەسیان هەیە، لە كاتێكدا لەگەڵ كەمبوونەوەی داهاتی خێزانی تێكڕای قەبارەی خێزان بچوك دەبێتەوە لە خێزانەكانی خاوەن قەبارە بچوكتر.

**تێكڕای قەبارەی خێزان بەپێی داهاتی خێزان بە دیناری عێراقی لە هەرێمی كوردستان**

| داهاتی خێزان | تێكڕای قەبارەی خێزان |
|---|---|
| كەمتر لە 500000 | 4.5 |
| 500000 - 749000 | 5.0 |
| 750000 - 999000 | 5.4 |
| 1000000 یان زیاتر | 5.9 |

## 8. باری هاوسەرگیری (Marital status)

بە شێوەیەکی گشتی لە هەولێر نزیکەی 53.5%ی خەڵکانی تەمەن 12 ساڵ و گەورەتر لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ هاوسەردارن. لە ڕەگەزی مێ بەرزترین ڕێژەی هاوسەرداری لە ناو خەڵکانی تەمەن نێوان 35 بۆ 44 ساڵیە کە 81.6% ی مێ لەم گرووپی تەمەنە هاوسەردارن. هەر لە ڕەگەزی مێ نزمترین ڕێژەی

**باری هاوسەرگیری بەپێی تەمەن و ڕەگەز لە هەولێر (بۆ خەڵکانی تەمەن 12 ساڵ و گەورەتر)**

| گرووپی تەمەن | مێ | | | | | نێر | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕەبەن | هاوسەردار | جیابووەوە | تەڵاقدراو | بێوەژن | ڕەبەن | هاوسەردار | جیابووەوە | تەڵاقدراو | بێوەمێر |
| 12-14 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| 15-17 | 94.2 | 5.8 | 0 | 0 | 0 | 99 | 1 | 0 | 0 | 0 |
| 18-24 | 63.7 | 36 | 0 | 0.1 | 0.2 | 86.8 | 13.2 | 0 | 0 | 0 |
| 25-34 | 24.8 | 73.6 | 0 | 1 | 0.5 | 35 | 64 | 0.2 | 0.1 | 0.1 |
| 35-44 | 14.4 | 81.6 | 0.3 | 0.6 | 3.2 | 8.5 | 91.3 | 0 | 0.1 | 0.1 |
| 45-54 | 8 | 79.8 | 0.2 | 0.6 | 11.4 | 2.8 | 96.9 | 0 | 0 | 0.4 |
| 55-64 | 4.1 | 68.8 | 0 | 1 | 26.1 | 2.4 | 97.2 | 0 | 0 | 0.4 |
| 65+ | 6.1 | 36.2 | 0 | 0 | 57.7 | 3.1 | 86.1 | 0.2 | 0 | 10.5 |
| گشتی | 38.4 | 53.6 | 0.1 | 0.5 | 7.4 | 46 | 53.3 | 0.1 | 0 | 0.6 |

هاوسەرداری لە نێوان خەڵکانی تەمەن 15 بۆ 17 ساڵیە کە بریتیە لە 5.8%، لەگەڵ ئەوەش ئەم ڕێژەی هاوسەرداری لە تەمەنێکی بچوکتر لە 18 ساڵی جێگای سەرنجە. بەرزترین ڕێژەی هاوسەرداری لە ڕەگەزی نێر لە ناو خەڵکانی تەمەن 55 بۆ 64 ساڵیە کە گەیشتوتە نزیکەی 97%، خەڵکانی ڕەگەزی نێر لە تەمەنی 15 بۆ 17 ساڵی نزمترین ئاستی هاوسەرگیریان هەیە کە بریتیە لە 1 %. جیابوونەوە و تەڵاقدران ڕێژەکی زۆر نزمی هەیە بە گشتی بۆ هەردوو ڕەگەز بریتیە لە 0.7%، بەرزترین ڕێژەی دیاردەی جیابووەوە و تەڵاقدراوان لە ڕەگەزی مێیە بۆ خەڵکانی تەمەن 35 بۆ 44 ساڵیە کە دەگاتە نزیکەی 1%، بۆ خەڵکانی بە ساڵاچووی تەمەن 65 ساڵ و گەورەتر ڕێژەی ڕەبەنی لە ناو خەڵکانی ڕەگەزی نێر زیاترە بەراورد بە مێ، هەردوو ڕەگەز لەم تەمەنە ڕێژەی هاوسەرداریان زۆر لە یەکتر نزیکە، بێوەژن ڕێژەی زیاترە بەراورد بە بێوە مێرد. لێرەدا تێبینیەك هەیە سەبارەت بە باری هاوسەرگیری بۆ تەمەنی 12-14 هەرچەندە ڕێژەکەی 0.2% دەرچووە بەڵام نیشان نەدراوە چونکە لە هەرێمی کوردستان ئەم تەمەنە نایاساییە بۆ هاوسەرگیریکرن و لە دەرەوەی ڕاپۆرت دایە.

لە نێوان قەزاکانی پارێزگای هەولێر بۆ خەڵکانی تەمەن 12 ساڵ و گەورەتر، قەزای مێرگەسۆر بەرزترین ڕێژە (43%) مێی ڕەبەنن (هەرگیز هاوسەرگیریان نەکردووە)، قەزای چۆمان بەرزترین ڕێژە (49%) ی نێری ڕەبەنن بەراورد بە قەزاکانی دیکە، لە کاتێکدا قەزای دەشتی هەولێر نزمترین ڕێژە (35.3%) مێی ڕەبەنن، قەزای دەشتی هەولێر نزمترین ڕێژە (43.1%) نێری ڕەبەنن. ڕێژەی هاوسەرداری لە نێوان قەزاکانی هەولێر تا ڕادەیەك لە یەکتر نزیکن، ناوەندی هەولێر بەرزترین ڕێژە (54%) مێی هاوسەردارن، قەزای دەشتی هەولێر تێدا بەرزترین ڕێژە (55.8%) نێری ، لە کاتێکدا قەزای مێرگەسۆر نزمترین ڕێژە (48.4%) ی خەڵکی مێی تەمەن 12 ساڵ و گەورەتری هاوسەردارن.

ڕێژەی بێوەژن لە ناوەندی هەولێر و مێرگەسۆر هەریەکەیان (%8.5)ە بەرزترین ڕێژەیە بەراورد بە قەزاکانی دی، لە کاتێکدا ڕێژەی بیوەمێر لە قەزای چۆمان (%1.2) بەرزترینە بەراورد بە قەزاکانی دی پارێزگای هەولێر.

**باری هاوسەرگیری لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر (بۆ خەڵکانی تەمەن 12 ساڵ و گەورەتر)**

| % | مێ | | | | | نێر | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕەبەن | هاوسەردار | جیابووەوە | تەلاقدراو | بێوەژن | ڕەبەن | هاوسەردار | جیابووەوە | تەلاقدراو | بێوەمێر |
| ناوەندی هەولێر | 36.8 | 54.0 | 0.1 | 0.6 | 8.5 | 45.5 | 53.9 | 0.1 | 0.0 | 0.5 |
| چۆمان | 41.4 | 51.7 | 0.1 | 0.1 | 6.6 | 49.0 | 49.5 | 0.0 | 0.3 | 1.2 |
| دەشتی هەولێر | 35.3 | 57.1 | 0.0 | 0.6 | 6.9 | 43.1 | 55.8 | 0.0 | 0.0 | 1.1 |
| خەبات | 42.3 | 51.5 | 0.1 | 0.5 | 5.7 | 44.7 | 55.0 | 0.0 | 0.0 | 0.4 |
| کۆیە | 37.9 | 55.1 | 0.2 | 0.7 | 6.2 | 44.0 | 55.5 | 0.0 | 0.2 | 0.4 |
| مێرگەسۆر | 43.0 | 48.4 | 0.0 | 0.0 | 8.5 | 46.6 | 52.6 | 0.2 | 0.0 | 0.7 |
| ڕەواندوز | 42.7 | 49.9 | 0.0 | 0.1 | 7.2 | 46.6 | 52.8 | 0.0 | 0.0 | 0.6 |
| شەقڵاوە | 42.6 | 51.4 | 0.0 | 0.3 | 5.7 | 48.3 | 50.9 | 0.1 | 0.0 | 0.6 |
| سۆران | 42.8 | 51.2 | 0.1 | 0.1 | 5.7 | 48.2 | 50.6 | 0.0 | 0.1 | 1.1 |

## 9. فرەژنی (Polygamy)

هەر سەبارەت بە باری هاوسەرگیری، سەرەڕای مەرجدارکردنێکی زۆری ئەم دیاردەیە بە یاسا بەڵام هێشتا بوونی هەیە و شایەنی خستنە رووە. لە کاتێکدا هەندێك خێزان هەن پیاوەکانیان زیاتر لە هاوسەرێکیان هەیە هەریەك لە بارەکانی کۆمەلایەتی و ئابوری خێزانەکان کاریگەریان هەیە و رێژەی جیاوازی هەبوونی ئەم دیاردەیە دەردەخەن
.

بە شیوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان رێژەی فرەژنی نزیکەی 1%ە. لە پاریزگای هەولێر 1.1%ی خێزانەکان فرەژنیان هەیە کە بە رادەیەکی کەم کەمترە لە دهۆك (1.2%ی خێزانەکان فرەژنیان هەیە)، سلێمانی کەمترین رێژەی فرەژنی هەیە (0.5%) کەمتر لەنیوەی هەولێر و دهۆکە.

| فرەژنی % | | نەبوونی فرەژنی لە خێزان | هەبوونی فرەژنی لە خێزان |
|---|---|---|---|
| پاریزگا | هەولێر | 98.9 | 1.1 |
| | دهۆك | 98.8 | 1.2 |
| | سلێمانی | 99.5 | 0.5 |
| ژینگەی نیشتەجێبوون | گوند | 98.5 | 1.5 |
| | شار | 99.3 | 0.7 |
| تەمەنی سەرۆك خێزان | 15-24 | 100 | 0.0 |
| | 25-35 | 99.6 | 0.4 |
| | 35-44 | 99.2 | 0.8 |
| | 45-54 | 98.9 | 1.1 |
| | 55-64 | 98.9 | 1.1 |
| | 65+ | 98.7 | 1.3 |
| بەرزترین بروانامەی سەرۆك خێزان | بێ بروانامە | 98.7 | 1.3 |
| | سەرەتایی،بنەرەتی/ناوەندی | 99.6 | 0.4 |
| | ئامادەیی یان گەورەتر | 99.3 | 0.7 |
| داهاتی مانگانەی خێزان (بە دیناری عێراقی) | کەمتر 500000 | 99.1 | 0.9 |
| | 500000-749000 | 99.4 | 0.6 |
| | 750000-999000 | 99.0 | 1.0 |
| | 1000000 یان زیاتر | 98.9 | 1.1 |

لە ناوچە گوندنشینەکانی هەرێمی کوردستان فرەژنی دوو هەندەی ناوچە شارنشینەکانە (1.5% بەرامبەر 0.7%). ئەمەش دەکرێ پەیوەندی بە بیرکردنەوەی پیاوانی گوندنشین هەبێت بەوەی پیویستیان بە هەبوونی زیاتر لە هاوسەرێك هەیە بە مەبەستی کارکردن و منداڵی زیاتر کە هێشتا تێگەیشتنێکە وەك سەرچاوەیەکی پاراستنی خێزان. لە هەرێمی کوردستان تەمەنی سەرۆك خیزان لایەنەکی دیکەیە کە کار دەکاتە سەر هەبوونی دیاردەی فرەژنی هەروەك لە ئەنجامدا دەرکەوتووە لە ناو سەرۆك خێزانەکانی تەمەن 15-24 ساڵی فرەژنی نیە یان کەمترە لە

0.1%، له تەمەنی 44-25 ڕێژەکەی کەمترە لە 1%، لە تەمەنی 45 ساڵی و گەورەتر دیاردەی فرەژنی زیاترە لە 1% ئەگەر بە رادەیەکی کەمیش بێت. تێبینیەکی دی بەدی دەکرێت سەبارەت بە کەمی دیاردەی فرەژنی لە تەمەنی بچوکتر کە ئەویش کەمبوونەوەی دیاردەی فرەژنیە لە ژیانی ئێستای هەرێمی کوردستان بەهۆی گۆڕانی باری ئابوری و کۆمەلایەتی و تێگەیشتنی تاکەکان لە ئاست فرەژنی لە ناو نەوەی نوێی کۆمەڵگا، هەروەها یاسای مەرجدارکردنی فرەژنی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کورستان لە ساڵی 2008 کاریگەری گەورەی پێوە دیارە.

ئاستی خوێندن و بڕوانامە لایەنێکی دی کاریگەرە لەسەر هەبوونی فرەژنی وەك دەرکەوتووە لە ناو خەڵکانی بێ بڕوانامە ریژەی فرەژنی 1.3%ە و زیاترە لە خەڵکانی خاوەن بڕوانامەی قۆناغی سەرەتایی و بەسەرەوە.

لە رووی ئابوریش خێزانەکانی خاوەن داهاتی زیاتر رێژەی فرەژنیان لە ناو زیاترە، هەروەك دەرکەوتووە خێزانەکانی خاوەن داهاتی مانگانە بە بڕی 750000 دینار و بە سەرەوە رێژەی فرەژنی تێیاندا 1% ی تێپەڕاندووە، لە کاتێکدا خێزانەکانی خاوەن داهاتی مانگانە کەمتر لە 750000 دینار رێژەی فرەژنی تێیاندا کەمترە لە 1%.

## 10. تەمەن لە هاوسەرگیریدا (Age at marriage)

تەمەن لە هاوسەرگیریدا پیوانە دەکرێت بە تیکڕای ناوەندی تەمەن کە هاوسەرگیری تیدا کراوە. هەروەها ئەوە روون دەکاتەوە کە هەر گروپێکی تەمەن تیکڕای تەمەنیان چەند بووە بۆ هاوسەرگیرکردن. لەگەڵ ئەوەی تیکڕای ناوەندی تەمەنی هاوسەرگیری کاری دەکرێتە سەر بە هۆکارەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی خێزانەکان بە تایبەتیش ژینگەی نیشتەجێبوون (شارنشین، گوندنشین)، لێرەدا تیکڕای ناوەندی تەمەنی هاوسەرگیری لە پارێزگای هەولێر نیشاندراوە.

| تیکڕای تەمەنی هاوسەرگیری لە پارێزگای هەولێر | | |
|---|---|---|
| تەمەن | مێ | نێر |
| 15-17 | 15.7 | 16.6 |
| 18-24 | 18.4 | 19.9 |
| 25-34 | 20.8 | 23.5 |
| 35-44 | 21.7 | 25.0 |
| 45-54 | 21.4 | 25.3 |
| 55-64 | 19.9 | 26.0 |
| 65+ | 18.4 | 24.8 |
| گشتی | 20.5 | 24.5 |

هەروەك لە خشتەی پەیوەستدا دیارە بە گشتی تیکڕای تەمەنی هاوسەرگیری لە هەولێر بریتیە لە 20.5 بۆ رەگەزی مێ، 24.5 بۆ رەگەزی نێر. تێبینی ئەوە دەکرێت لە ناو ژنانی تەمەن 25 ساڵی و گەورەتر ئەو ژنانەی لە گروپی تەمەن گەورەترن بە شێوەیەکی گشتی تیکڕای تەمەنی هاوسەرگیری کردنیان بچوکترە بەراورد بەو ژنانەی تەمەنیان لە گروپی تەمەن بچوکترە، هەروەك تیکڕای تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ژنانی تەمەن 65 سال و گەورەتر بریتیە لە 18.4 ساڵی، لە کاتێکدا هەر لە ژنان یەك بە دوای یەك لە گروپەکانی تەمەنی 64-55، 54-45، 44-35 تیکڕای تەمەنی هاوسەرگیری بریتیە لە (19.9، 21.4، 21.7). بە هەمان شێوە پیاوانی تەمەن 65 ساڵ و گەورەتر تیکڕای تەمەنیان لە هاوسەرگیری 24.5 بووە، لە کاتێکدا تەمەنەکانی 64-55، 54-45 و 44-35 بە تیکڕا لە تەمەنی (26، 25.3، 25) هاوسەرگیران کردووە. ئەم ئەنجامە دەریدەخات لە پێشوودا پیاوان و ژنان لە تەمەنەکی بچوکتر هاوسەرگیریان کردووە و ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری بەرەو تەمەنی گەورەتر دەچێت.

| تیکڕای تەمەنی هاوسەرگیری لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر | | |
|---|---|---|
| قەزا | مێ | نێر |
| ناوەندی هەولێر | 20.8 | 25.3 |
| چۆمان | 20.2 | 23.9 |
| دەشتی هەولێر | 20.4 | 23.9 |
| خەبات | 19.8 | 22.7 |
| کۆیە | 21.1 | 24.6 |
| مێرگەسۆر | 20.0 | 22.5 |
| رەواندوز | 19.5 | 24.0 |
| شەقڵاوە | 19.9 | 23.6 |
| سۆران | 19.7 | 23.2 |

لە نیوان قەزاکانی هەولێر تیکڕای تەمەنی هاوسەرگیری لە ناوەندی هەولێر بۆ ژنان و پیاوان (مێ: 20.8، نێر: 25.3) گەورەترینە بەراورد بە قەزاکانی دیکە. لە کاتێکدا لە تیکڕای تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ژنان لە رەواندوز (19.5) کەمترینە و بۆ پیاوان لە مێرگەسۆر تیکڕای تەمەنی هاوسەرگیری (22.5) کەمترینە بەراورد بە قەزاکانی دیکەی پارێزگای هەولێر.

## 11. سکپڕی و لەدایکبوون (Fertility and birth)

تێکڕای ژمارەی منداڵی لەدایکبوو بۆ هەر ژنێك 4.4ە لە هەرێمی کوردستان، سلێمانی کەمترین تێکڕای ژمارەی منداڵی لە دایکبووی هەیە کە 4.1ە، لە کاتێکدا ژنان لە دهۆك زۆرترین منداڵی لە دایکبوویان هەیە (4.9). ژنانی هەولێر تێکڕای ژمارەی منداڵی لەدایکبوویان 4.3ە کە بە بڕی 0.2 لە ژنانی سلێمانی زیاترە و 0.6 لە ژنانی دهۆك کەمترە.

تێکڕای ژمارەی منداڵانی لەدایکبوو و منداڵانی زیندوو بۆ هەر دایکێك بەپێی پارێزگا

| پارێزگا | لە دایکبوونی منداڵ | منداڵی زیندوو |
|---|---|---|
| هەولێر | 4.3 | 3.9 |
| دهۆك | 4.9 | 4.6 |
| سلێمانی | 4.1 | 3.7 |

هەروەها لە تەواوی هەرێمی کوردستان جیاوازی لە ناوچە سارنشینەکان و گوندنشینەکان هەیە، لە ناو ژنە گوندنشینەکان منداڵی لەدایکبوو زیاترە کە 4.9ە و لە شار کەمترە کە 4.3ە. هەروەها هەبوونی منداڵی زیندووش لە گوندنشینەکان زیاترە کە هەر ژنێك 4.5 منداڵی زیندووی هەیە.

تێکڕای ژمارەی منداڵانی لەدایکبوو و منداڵانی زیندوو بۆ هەر دایکێك بەپێی ژینگەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان

| ژینگە | لە دایکبوونی منداڵ | منداڵی زیندوو |
|---|---|---|
| شارنشین | 4.3 | 3.9 |
| گوندنشین | 4.9 | 4.5 |

لە هەرێمی کوردستان تێکڕای ژمارەی منداڵانی لە دایکبوو لە ژنانی گروپی تەمەن گەورەتر زیاترە بەراورد بە ژنانی تەمەن بچوکتر، هەروەك ژنانی تەمەن 65 ساڵ یان گەورەتر 7.8 منداڵیان بووە، لە کاتێکدا ژنانی گروپی تەمەن 55 بۆ 64 ساڵ 7 منداڵیان بووە. دیاردەی کەمبوونەوەی لە دایکبوونی منداڵ بەردەوامی هەیە لە گروپەکانی دیکەی تەمەنی ژنان. هەروەها هەبوونی منداڵی زیندووش بە هەمان شێوە لە ژنانی تەمەن گەورەتر زیاترە، هەروەك لە ژنانی تەمەن 65 ساڵ یان گەورەتر 6.3 منداڵی زیندوو هەیە بۆ ژنانی گروپی تەمەن 55 بۆ 64 ساڵان ژمارەی منداڵانی زیندوو کەم دەبێتەوە بۆ 6.2، بۆ ژنانی گروپی تەمەن 45 بۆ 54 ساڵان زیاتر کەم دەبێتەوە و گەیشتۆتە 6.2

تێکڕای ژمارەی منداڵانی لەدایکبوو و منداڵانی زیندوو بۆ هەر دایکێك بەپێی گروپی تەمەن لە هەرێمی کوردستان

| گروپی تەمەن | لە دایکبوونی منداڵ | منداڵی زیندوو |
|---|---|---|
| 15-17 | 0.4 | 0.4 |
| 18-24 | 1.2 | 1.2 |
| 25-34 | 2.5 | 2.4 |
| 35-44 | 4.2 | 4.0 |
| 45-54 | 5.6 | 5.1 |
| 55-64 | 7.0 | 6.2 |
| 65+ | 7.8 | 6.3 |

منداڵی زیندوو بۆ هەر ژنێکی ئەم گروپەی تەمەن. ئەنجامەکە دەریدەخات لە دایکبوونی منداڵان و هەبوونی منداڵانی زیندوو لە ژنانی تەمەن گەورەتر زیاتر بووە بەراورد بە ژنانی تەمەن بچوکتر.

لە ناو قەزاکانی پارێزگای هەولێر گەورەترین تێکڕای ژمارەی منداڵبوون لە سۆرانە کە هەر ژنێك بە تێکڕایی 5 منداڵی دەبێت، لە کاتێکدا کەمترین تێکڕای منداڵبوون لە قەزاکانی ناوەندی هەولێر و دەشتی هەولێرە کە لە هەریەکەیان بە تێکڕایی هەر ژنەی 4.1 منداڵی دەبێت. هەروەها قەزای ناوەندی هەولێر و دەشتی هەولێر کەمترین تێکڕای ژمارەی منداڵی زیندوویان هەیە کە لە هەریەکەیان هەر ژنەی 3.7 منداڵی زیندووی هەیە.

**تێکڕای ژمارەی منداڵانی لەدایکبوو و منداڵانی زیندوو بۆ هەر دایکێك لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر**

| قەزا | لە دایکبوونی منداڵ | منداڵی زیندوو |
|---|---|---|
| ناوەندی هەولێر | 4.1 | 3.7 |
| چۆمان | 4.9 | 4.3 |
| دەشتی هەولێر | 4.1 | 3.7 |
| خەبات | 4.8 | 4.3 |
| کۆیە | 4.6 | 3.9 |
| مێرگەسۆر | 4.5 | 4.1 |
| ڕەواندوز | 4.6 | 4.2 |
| شەقڵاوە | 4.7 | 4.3 |
| سۆران | 5.0 | 4.3 |

ڕێژەی سکپڕی تەمەنێکی دیارکراو (Age-Specific Fertility Rate/ ASFR، ژمارەی منداڵە زیندووەکان نیشان دەدات بۆ هەر 1000 ژن لە گروپی تەمەنی دیارکراو. ڕێژەی گشتی سکپڕی (Total Fertility Rate/TFR) ژمارەی تێکڕای ئەو منداڵانە نیشان دەدات کە هەر ژنێك تا کۆتایی ماوەی هەڵگرتنی منداڵ دەیبێت ئەگەر ئەو ژنە هەموو ساڵەکانی هەڵگرتنی منداڵی بری بێت (15-49) ساڵ.

**ڕێژەی سکپڕی لە تەمەنێکی دیارکراو ASFR و ڕێژەی گشتی سکپڕی TFR لە هەرێمی کوردستان**

| گروپی تەمەن | ڕێژەی سکپڕی تەمەنێکی دیارکراو ASFR | ڕێژەی گشتی سکپڕی TFR |
|---|---|---|
| 15-19 | 26 | |
| 14-24 | 99 | |
| 25-29 | 157 | |
| 30-34 | 151 | |
| 35-39 | 109 | |
| 40-44 | 46 | |
| 45-49 | 9 | 2.99 |

ڕێژەی گشتی سکپڕی لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (3)ە بۆ هەر ژنێك. ئەم ڕێژەیە بە 0.5 زیاترە لە ڕێژەی گشتی سکپڕی جیهان کە لە جیهاندا (2.5)ە وەك لە لایەن UNPFA لە ساڵی 2017 بە ڕاپۆرت بڵاوکراوەتەوە. هەر هەمان ڕاپۆرت دەریخستووە کە ڕێژەی

گشتی سکپری بۆ هەر ژنێك لە ولاتەکانی ئێران، تورکیا و سوریا بە دوای یەکدا بریتیە لە 1.6، 2 و 2.9، ئەم زانیارەش پێمان دەڵێ کە رێژەی گشتی سکپری لە هەرێمی کوردستان زیاترە لە هەرسێ ولاتی دراوسێ. ئەمە لە کاتێکدایە رێژەی گشتی سکپری لە هەرێمی کوردستان زۆر کەمترە لە هی عێراق کە بە 4.3 منداڵ بۆ هەر ژنێك خەمڵێندراوە، هەروەها ئەویش دابەزین نیشان دەدات بەوەی گەیشتۆتە 3.3 بەپێی ئەنجامی روپێوی MICS لە 2011.

ژنان لە هەرێمی کوردستان لە کۆتایی 20 ساڵانیان و سەرەتای 30 ساڵانیان توانستی منداڵبوونیان بە خۆیانەوە بینیوە. رێژەی سکپری تەمەنێکی دیارکراو لە تەمەنی 20-24 بە بەرچاو بەرز بۆتەوە، لە گروپی تەمەنی 25-29 لە لوتکە دایە، هەروەها نزیکەی هەمان ئاست پارێزراوە لە گروپی تەمەنی 30-34، پاشان دابەزینی بەخۆوە بینیوە.

# بەشی دووەم: خاڵە لاوازەکان (VULNERABLITIES)

1. خێزانەکانی خاوەن خاڵە لاوازەکان (Vulnerable households)
2. ئاستەنگی عەقلی و جەستەیی (Physical and mental impairment)

## بەشی دووەم: خاڵە لاوازەکان (VULNERABLITIES)

ئەم بەشە کورتەیەك لە لاوازیەکان دەردەخات. لاوازی پێناسە دەکرێت وەك کارەکتەرە دیارکراوەکان کە دەکرێت کار بکاتە سەر خێزانەکانی کە باری دژواریان هەیە ئەم بارانە لە خۆ دەگرێت؛ نائاسایشی خۆراك، شوێنی نیشتەجێبوونی نالەبار، لاوازی بەدەستهێنانی ئاو و خاوێنی، هەروەها بەردەستبوونی چاودێری تەندروستی پێویست. کە دەکرێت لە ئەنجامی ئەم لاوازیانە هەژاری زیاد بکات. لەم ڕەوشەدا، ئەو خێزانانەی سەرۆك خێزانیان ژنە، خێزانەکانی ئەندامیان ڕوو بە ڕووی گرفتی عەقلی و جەستەیی بوونەتەوە، ئەو خێزانانەی 2 لە 3 ی ئەندامیان وابەستەن (تەمەنیان لە 15 ساڵ بچوکترە یان یان لە 64 ساڵ گەورەترە)، هەروەها ئەو خێزانانەی کە سەرۆك خێزانیان کار ناکەن یان هیچ لە ئەندامانی خێزان کاریان نەکردووە لە هەفتەیەك بەر لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ڕوپێوەکە هەموو ئەو بارانە بە خاڵی لاوازی خێزان ناوزەد دەکرێن.
لەگەڵ ئەوەی جیاوازی ژینگەی نیشتەجێبوون (شار، گوند)، تەمەنی سەرۆك خێزان و ئاستی خوێندن و بڕوانامە و هۆکاری دیکەی ئابوری و کۆمەلایەتی کار دەکەنە سەر ئەم دیاردانەی لاوازی باری ژیان، لێرەدا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە گشتی و بەراوردکردن لە نیوان هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان چەند ئەنجامێك دەخرێنە ڕوو.

### 1. خێزانەکانی خاوەن خاڵە لاوازەکان (Vulnerable households)

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 11%ی خیزانەکان سەرۆک خێزانیان ژنن. لە هەولێر ڕێژەکە 10.8%ە کە نزیکە لە ڕێژەی کۆی هەرێمی کوردستان.
لە هەرێمی کوردستان 13% ی خێزانەکان ئەندامی خاوەن گرفتی عەقلی یان جەستەییان تێدا هەیە. لە هەولێر ڕێژەکە (12.8) ، لە کاتێکدا پارێزگای دهۆك و سلێمانی هەر یەکەیان 13.2%ی خێزانەکانیان ئەندامی خاوەن گرفتی عەقلی یان جەستەییان تێدا هەیە.

**خێزانەکانی خاوەن خاڵی لاواز لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان**

| پارێزگا% | سەرۆك خێزان کار ناکات | کەس کار ناکات | مێ سەرۆکی خێزانە | زیاتر لە 2/3 ئەندامانی لە تەمەن پێشپێبەستوو | ئەندامی خاوەن گرفتی عەقلی یان جەستەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| **هەولێر** | 27.1 | 15.0 | 10.8 | 11.6 | 12.8 |
| **دهۆك** | 28.2 | 14.5 | 8.0 | 12.3 | 13.2 |
| **سلێمانی** | 27.2 | 15.1 | 11.3 | 15.4 | 13.2 |

خێزانەکانی خاوەن زیاتر لە ڕێژەی 2 لە 3 ی ئەندامانی پشتپێبەستوو (ئەندامانی خێزان تەمەن بچوکتر لە 15 ساڵ یان گەورەتر لە 64 ساڵ) لە هەولێر (11.6%) نزمترین ئاستە بەراورد بە دوو شارەکەی تری هەرێمی کوردستان کە لە دهۆك 12% ە، لە سلێمانی 15.4% ە.

له 15% ی خێزانەكان لە ماوەی هەفتەیەك بەر لە سەردانكردنیان هیچ لە ئەندامانیان كاریان نەكردووە، 27% ی سەرۆك خێزانەكان لە ماوەی هەفتەیەك بەر لە چاوپێكەوتنیان كاریان نەكردووە.

له نێوان قەزاكانی پارێزگای هەولێر مێرگەسۆر بەرزترین ڕێژە نزیكەی (48%) ی ئەو خێزانانەی هەیە كە سەرۆكی خێزان لە ماوەی هەفتەیەك بەر لە چاوپێكەوتن كاریان نەكردووە، لە كاتێكدا قەزای كۆیە نزمترین ڕێژە نزیكەی (22%) ی خێزان تێیدا سەرۆكی خێزان لە ماوەی هەفتەیەك بەر لە چاوپێكەوتن كاریان نەكردووە. قەزای میرگەسۆر (41.6%) بەرزترین و قەزای دەشتی هەولێر (11.4%) نزمترین ریژەی ئەو خیزانانەیان هەیە كە لە ماوەی هەفتەیەك بەر جاوپێكەوتن هیچ لە ئەندامانی خیزانی كاریان نەكردووە. دیسان قەازی سۆران بەرزترین ڕێژە (17.4%) و قەزای چۆمان نزمترین ڕێژە (6.4%) ی خێزانیان لە لایەن مێوە سەرپەرشتی دەكرێن. ڕێژەی دوو لە سێی ئەندامانی پشتبەستوو بە لە قەزای خەبات بەرزترینە زیاتر 1 لە 5 ی خێزانەكانی قەزای خەبات ئەم خاڵە لاوازەیان هەیە، لە كاتێكدا نزمترین ڕێژە لە ناوەندی هەولێرە كە زیاتر لە 1 لە 10 ی خێزانەكانی ناوەندی هەولێر ئەو خاڵە لاوازەیان هەیە. ئەو خێزانانەی بە لایەنی كەم ئەندامێكیان گرفتی عەقلی یان جەستەیی هەیە لە قەزای چۆمان و سۆران ڕێژەیان بەرزترینە كە لە هەریەكەیان بریتن لە 15.4% ی خێزانەكان، لە قەزای ڕەواندوز نزمترین ڕێژە (8.3%) ی خێزانەكان ئەم خاڵە لاوازەیان هەیە.

| خێزانەكانی خاوەن خاڵی لاواز لە قەزاكانی پارێزگای هەولێر | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **قەزا%** | سەرۆك خێزان كار ناكات | كەس كار ناكات | مێ سەرۆكی خێزانە | زیاتر لە 2/3 ئەندامانی لە تەمەن پشتپێبەستن | ئەندامی خاوەن گرفتی عەقلی یان جەستەیی |
| **ناوەندی هەولێر** | 27.0 | 13.4 | 11.9 | 10.7 | 12.4 |
| **چۆمان** | 25.5 | 14.1 | 6.4 | 13.0 | 15.4 |
| **دەشتی هەولێر** | 23.3 | 11.4 | 8.4 | 12.3 | 12.8 |
| **خەبات** | 23.3 | 12.3 | 8.6 | 20.6 | 9.7 |
| **كۆیە** | 21.9 | 13.0 | 9.3 | 14.3 | 11.5 |
| **مێرگەسۆر** | 48.3 | 41.6 | 17.4 | 12.7 | 9.5 |
| **ڕەواندوز** | 29.0 | 17.4 | 14.6 | 16.1 | 8.3 |
| **شەقلاوە** | 23.0 | 13.5 | 9.4 | 14.1 | 13.5 |
| **سۆران** | 35.0 | 23.8 | 8.6 | 13.3 | 15.4 |

## 2- ئاستەنگی عەقلی و جەستەیی (Physical and mental impairment)

3% ی تاكەكانی هەرێمی كوردستان وا نیشان دەدەن كە خاوەن پێداویستی تایبەتن، دوو لەسەر سێیان لە ڕووی هەیكەلەوە، شێواوی یان جولانەوە و كەمتر لە یەك لەسەر سێیان لە ڕووی بیركردنەوە، عەقلی و دەروونی

ئاستەنگیان هەیە. 2.4% ی مێ و 3.5% ی نێر ئاستەنگیان هەیە. بە شێوەکی گشتی لە هەر جۆرەکی ئاستەنگ نێر زیاتری بەرکەوتووە بەراورد بە مێ. هەر یەك لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان زۆرترین ئاستەنگ تێیاندا ئاستەنگی هەیکەل و جولەکردنە، لە کاتێکدا کەمترین ئاستەنگ تێیاندا ئەستەنگی بیستنە.

**تاکەکانی خاوەن ئاستەنگی عەقلی و جەستەیی لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان**

| % | | ئاستەنگی عەقلی یان جەستەیی | ئاستەنگی هەیکەلی و جولەکردن | ئاستەنگی بینین Ocular impairment | ئاستەنگی بیستن Aural impairment | ئاستەنگی زمان و قسەکردن | ئاستەنگی بیر و دەروونی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | هەولێر | 3 | 2.1 | 0.5 | 0.2 | 0.5 | 0.7 |
| | دهۆك | 2.3 | 1.4 | 0.2 | 0.2 | 0.4 | 0.6 |
| | سلێمانی | 3.4 | 2.3 | 0.4 | 0.3 | 0.4 | 0.9 |
| رەگەز | مێ | 2.4 | 1.8 | 0.3 | 0.2 | 0.4 | 0.6 |
| | نێر | 3.5 | 2.3 | 0.5 | 0.3 | 0.5 | 0.9 |

لە نێوان قەزاکانی پارێزگای هەولێر قەزای چۆمان بەرزترین رێژە و قەزای رەواندوز نزمترین رێژە خێزانیان هەیە کە ئەندامی خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەیە ( 3.7%، 1.9%).

**خاوەن پیداویستی تایبەت (کەم ئەندامی) ی تاکەکان لە پارێزگای هەولێر**

| % | نەبوونی خاوەن پێداویستی تایبەت | هەبوونی خاوەن پێداویستی تایبەت |
|---|---|---|
| **ناوەندی هەولێر** | 97.1 | 2.9 |
| **چۆمان** | 96.3 | 3.7 |
| **دەشتی هەولێر** | 96.8 | 3.2 |
| **خەبات** | 98.0 | 2.0 |
| **کۆیە** | 97.2 | 2.8 |
| **مێرگەسۆر** | 97.6 | 2.4 |
| **رەواندوز** | 98.1 | 1.9 |
| **شەقڵاوە** | 96.8 | 3.2 |
| **سۆران** | 96.6 | 3.4 |

# بەشی سێیەم: خوێندەواری و پەروەردە

# Literacy & Education

1. خوێندەواری (Literacy)
2. ئامادەبوون لە قوتابخانە (School attendance)
3. تەواوکردنی بەرزترین بڕوانامەی خوێندن (Highest completed degree)

## بەشی سێیەم: خوێندەواری و پەروەردە Literacy & Education

### 1. خوێندەواری (Literacy)

لە هەرێمی کوردستان 79% ی دانیشتوانی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتر دەتوانن بخوێننەوە، واتا ڕێژەی نەخوێندەواری 21%ە. لە هەمان تەمەن بەراورد بە دوو پارێزگاکەی دی هەولێر بەرزترین ڕێژە (80.8%) ی دانشتوانی تواناى خوێندنەوەیان هەیە، لە کاتێکدا لە سلێمانی (79.2%)، لە دهۆك (77.2%) دانیشتوان تواناى خوێندنەوەیان هەیە. خەڵکانی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتر کە بڕوانامەیان نیە و تەنها ئەتوانن بخوێننەوە لە هەرێمی کوردستان ڕێژەیان بریتیە لە 55%، سلێمانی بەرزترین ڕێژە (56.7%) ی هەیە، هەولێر ڕێژە (56.1%) ی هەیە، دهۆك (52%)ی هەیە .
لە هەرێمی کوردستان 78% ی خەڵکی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتر دەتوانن بنوسن، بۆ بەراورد لە نێوان هەرسێ پارێزگاکە هەولێر گەورەترین ڕێژە (80%) ی ئەو کەسانەی هەیە کە دەتوانن بنوسن، سلێمانی (78.1%) و دهۆك (76%) ی کەسانی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتری دەتوانن بنوسن. لە ناو ئەو خەڵکانەش کە بێ بڕوانامەن و تەنها دەتوانن بنوسن سلێمانی بەرزترین ڕێژە (54.4%) ی هەیە ، هەولێر (54.1%) و دهۆك (49.5%) ی بێ بڕوانامەکانیان دەتوانن بنوسن.

ژینگەی نیشتەجێبوون (شار، گوند) کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر باری خوێندەواری. بۆ خەڵکانی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتر، لە ناوچە شارنشینەکان 80.9% ی دانیشوان دەتوانن بخوێننەوە و 79.8% یان دەتوانن بنوسن، لە کاتێکدا لە ناوچە گوندنشینەکان 71.8% ی دانیشتوان دەتوانن بخوێننەوە و 70.9% یان دەتوانن بنوس.

ڕەگەز (مێ، نێر) کاریگەریەکی دیکەی بەرچاوە لەسەر باری خوێندەواری. بۆ خەڵکانی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتر، 72% ی مێ دەتوانن بخوێننەوە و 70.8% یان دەتوانن بنوسن، لە کاتێکدا 86.7% ی نێر دەتوانن بخوێننەوە و 85.8% یان دەتوانن بنوسن.

لە نێوان گروپە جیاوازەکانی تەمەن، ڕێژەی تواناى خوێندنەوە لە ناو تەمەنی بچوکتر زۆر بەرزترە بەراورد بە تەمەنی گەورەتر. لە ناو گروپی تەمەنی 15-17 ساڵان ڕێژەی خوێندەواری نزیکەی 95% ە و دوو هێندە و زیاترە لە ڕێژەی خوێندەواری گروپی تەمەن 55-64 ساڵان (نزیکەی 45%)، سێ هەندەش زیاترە لە ڕێژەی خوێندەواری تەمەن 64 و گەورەتر (بنزیکەی 28%).

لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی خوێندەواری لە ناو خێزانەکانی داهات کەمتر نزمترە بەراورد بەو خێزانانەی داهاتیان زیاترە. ئەو خێزانانەی داهاتی مانگانەیان نزمترینە (500000 دیناری عێراقی یان کەمترە) سێ کەس لە چوار کەسیان دەتوانن بخوێننەوە و بنوسن، ڕێژەی خوێندەواریان نزیکەی 10% نزمترە لەو خێزانانەی داهاتی مانگانەیان بەرزترینە (یەك ملیۆن دیناری عێراقی یان زیاترە).

| ڕێژەی خوێندەواری (بۆ خەڵكانی تەمەن 6 ساڵ و گەورەتر) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| % | | توانای خوێندنەوە (گشتی) | توانای خوێندنەوە (بێ بڕوانامەكان) | توانای نوسین (گشتی) | توانای نوسین (بێ بڕوانامەكان) |
| **پارێزگا** | هەولێر | 80.8 | 56.1 | 80 | 54.1 |
| | دهۆك | 77.2 | 52 | 76 | 49.5 |
| | سلێمانی | 79.2 | 56.7 | 78.1 | 54.4 |
| **ژینگەی نیشتەجێبوون** | گوند | 71.8 | 51.8 | 70.9 | 50.4 |
| | شار | 80.9 | 56.4 | 79.8 | 53.9 |
| **ڕەگەز** | مێ | 72 | 46.4 | 70.8 | 44.2 |
| | نێر | 86.7 | 67 | 85.8 | 64.7 |
| **تەمەن** | 0-14 | 87.2 | 82.0 | 86.9 | 81.5 |
| | 15-17 | 95.3 | 79.7 | 95.2 | 79.1 |
| | 18-24 | 93.9 | 64.5 | 93.7 | 63.2 |
| | 25-34 | 84.0 | 50.2 | 82.8 | 46.6 |
| | 35-44 | 75.0 | 45.2 | 73.0 | 40.9 |
| | 45-54 | 68.3 | 34.8 | 66.3 | 30.6 |
| | 55-64 | 44.9 | 19.5 | 42.9 | 16.6 |
| | 65+ | 28.3 | 14.1 | 26.1 | 11.5 |
| **داهاتی مانگانەی خێزان (دیناری عێراقی)** | كەمتر لە 500000 | 73.6 | 50.6 | 72.3 | 48.3 |
| | 500000-749000 | 79.7 | 56.4 | 78.6 | 54.1 |
| | 750000-999000 | 82.6 | 59.3 | 81.7 | 57.1 |
| | 1000000 یان زیاتر | 84.9 | 59.4 | 84.1 | 57.4 |

لە نێوان قەزاكانی پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژەی كەسانی بێ بڕوانامە كە توانای خوێندنەوەیان نیە لە قەزای مێرگە سۆرە كە زیاتر لە نیوەی خەڵكی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتر ناتوانن بخوێننەوە، لە كاتێكدا نزمترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە قەزای چۆمانە كە نزیكەی 36% ی خەڵكی ئەم قەزایە توانای خوێندنەوەیان نیە.

هەر لە نێوان قەزاكانی پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژەی كەسانی بێ بڕوانامە كە ناتوانن بنوسن لە مێرگەسۆر و كۆیە و سۆرانە كە نیوەی خەڵكی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتری هەریەك لەم سێ قەزایە ناتوانن بنوسن، لە كاتێكدا بە هەمان شێوەی خوێندنەوە نزمترین ڕێژەی نەتوانینی نوسین لە قەزای چۆمانە كە 37.5% ی خەڵكی بێ بڕوانامەی تەمەن 6 ساڵ و گەورەتری ئەم قەزایە ناتوانن بنوسن. بەم ئەنجامەش لە ڕووی توای خوێندەواری و نوسین قەزای چۆمان باشترین باری هەیە بەراورد بە قەزاكانی دیكەی پارێزگای هەولێر.

| ڕێژەی خوێندەواری (بۆ خەڵکانی تەمەن 6 ساڵ و گەورەتر و بێ بڕوانامە) لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر | | | | |
|---|---|---|---|---|
| % | توانای خوێندنەوەی نیە | توانای خوێندنەوەی هەیە | توانای نوسینی نیە | توانای نوسینی هەیە |
| ناوەندی هەولێر | 42.1 | 57.9 | 44.1 | 55.9 |
| چۆمان | 36.1 | 63.9 | 37.5 | 62.5 |
| دەشتی هەولێر | 40.4 | 59.6 | 43.5 | 56.5 |
| خەبات | 46.0 | 54.0 | 48.1 | 51.9 |
| کۆیە | 49.8 | 50.2 | 51.1 | 48.9 |
| مێرگەسۆر | 50.8 | 49.2 | 51.2 | 48.8 |
| ڕەواندوز | 42.6 | 57.4 | 41.8 | 58.2 |
| شەقڵاوە | 44.9 | 55.1 | 46.8 | 53.2 |
| سۆران | 49.1 | 50.9 | 51.0 | 49.0 |

## 2. ئامادەبوون لە قوتابخانە (School attendance)

لە هەرێمی کوردستان لە ناو خەڵکانی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتر، نزیکەی 1 لە 5 ی خەڵك هەرگیز پەیوەندیان بە قوتابخانەوە نەکردووە، هەرسێ پارێزگا لە هەمان ئاستدان. لە دهۆك (39.2%) ڕێژەی ئەوانەی ئێستا لە قوتابخانە دەخوێنن بەرزترینە بەراورد بە هەولێر(37%) و سلێمانی (34.2%). بۆ ئەو خەڵکانەش کە ئێستا لە دەرەوەی قوتابخانەن سلێمانی بەرزترین ڕێژەی هەیە (48.8) و هەولێر ڕێژەی (45.9%) هەیە، دهۆك ڕێژەی (43.8%) هەیە.

خەڵکی شار زیار پەیوەندیان بە قوتابخانەوە هەیە بەراورد بە خەڵکی گوند (36.6% بەرامبەر 35.4%)، بە هەمان شیوە ڕێژەی ئامادە نەبوون قوتابخانە لە ئێستادا لە شار بەرزترە بەراورد بە گوند (47.4% بەرامبەر 42.5%)، لە کاتێکدا ڕیژەی ئەو خەڵکانەی هەرگیز نەچوونەتە قوتابخانە لە شار بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمترە لە بەراورد بە گوند (16% بەرامبەر 20%).

ڕێژەی ئەوانەی ئێستا پەیوەندیان بە قوتابخانەوە هەیە لە ناو خەڵکانی ڕەگەز نێر زیاترە بەراورد بە مێ (38.5% بەرامبەر 34.3%)، هەروەها ڕیژەی ئەوانەیش ئێستا ناچنە قوتابخانە لە نێر زیاترە بەراورد بە مێ (47.4% بەرامبەر 42.5%)، لە کاتێکدا ڕیژەی ئەو خەڵکانەی هەرگیز پەیوەندیان قوتابخانەوە نەکردووە لە ڕەگەزی نێر کەمترە لە نیوەی ئەو مێیانەی هەرگیز پەیوەندیان بە قوتابخانەوە نەکردووە (نزیکەی 10% بەرامبەر نزیکەی 24%).

سەبارەت بە تەمەن ئەو کەسانەی هەرگیز پەیوەندیان بە خوێندنەوە نەکردووە لە ناو بە تەمەنترین گرووپی تەمەن (65 ساڵ یان گەورەتر) ڕێژەیان بەرزترینە (71%)، لە کاتێکدا لە بچوکترین گرووپی تەمەن (تەمەن 6-14) کەمتر لە 3% یان هەرگیز پەیوەندیان بە خوێندن نەکردووە، هەروەها کەمتر لە 4%یان ئێستا بەشدار نین لە خوێندن.

| پەیوەندی بە قوتابخانە (بۆ خەڵکانی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتر) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| % | | ئێسا پەیوەندی هەیە | ئێستا پەیوەندی نیە | هەرگیز پەیوەندی نەکردووە |
| پارێزگا | هەولێر | 37 | 45.9 | 17.1 |
| | دهۆك | 39.2 | 43.8 | 17 |
| | سلێمانی | 34.2 | 48.8 | 17.1 |
| ژینگەی نیشتەجێبوون | گوند | 35.4 | 42.5 | 22.1 |
| | شار | 36.6 | 47.4 | 16 |
| ڕەگەز | مێ | 34.3 | 41.8 | 23.9 |
| | نێر | 38.5 | 51.3 | 10.2 |
| تەمەن | 6-14 | 93.5 | 3.7 | 2.8 |
| | 15-17 | 77.8 | 19.3 | 2.9 |
| | 18-24 | 44.5 | 51.5 | 4.0 |
| | 25-34 | 6.0 | 80.0 | 14.0 |
| | 35-44 | 2.3 | 74.8 | 22.9 |
| | 45-54 | 1.1 | 68.4 | 30.5 |
| | 55-64 | 0.6 | 44.8 | 54.6 |
| | 65+ | 0.3 | 28.3 | 71.4 |

لە نیوان قەزاکانی پاریزگای هەولیر بە شێوەیەکی گشتی هەموو قەزاکان ڕێژەی خەڵکانی لە ئێستادا پەیوەندی بە خوێندنیان لە یەکتری نزیکە، لەگەڵ ئەمەشدا هەریەك لە قەزاکانی چۆمان و شەقڵاوە بەرزترین ڕێژە بەراورد بە قەزاکانی دیکەی پارێزگای هەولیر (39.5% و 39.4%) ی خەڵکانی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتریان ئێستا لە قۆناغەکانی خوێندن بەردەوامن. نزیکەی نیوەی خەڵکی لە قەزای ناوەندی هەولیر ئێستا پەیوەندیان بە خوێندنەوە نیە کە ئەم ڕێژەیەش بەرزترین ڕێژەی بەردەوام نەبوونە بە خوێندن بەراورد بە قەزاکانی دیکە. بەرزترین ڕێژەی ئەوانەش کە هەرگیز پەیوەندیان بە خوێندنەوە نەکردووە (28.5%) لە قەزای مێرگەسۆرە، لە کاتێکدا نزمترین ڕێژەی ئەو خەڵکانەی پەیوەندیان بە خوێندنەوە نەکردووە (12.5%) لە ناوەندی هەولێرە.

| پەیوەندی بە قوتابخانە لە پارێزگای هەولێر (بۆ خەڵکانی تەمەن 6 ساڵ و گەورەتر) | | | |
|---|---|---|---|
| قەزا | ئێستا پەیوەندی هەیە | ئێستا پەیوەندی نیە | هەرگیز پەیوەندی نەکردووە |
| ناوەندی هەولێر | 36.3 | 51.1 | 12.5 |
| چۆمان | 39.5 | 37.9 | 22.6 |
| دەشتی هەولێر | 36.2 | 46.1 | 17.7 |
| خەبات | 36.1 | 39.2 | 24.7 |
| کۆیە | 37.3 | 40.9 | 21.8 |
| مێرگەسۆر | 38.5 | 33.0 | 28.5 |
| ڕەواندوز | 38.6 | 36.4 | 25.0 |
| شەقڵاوە | 39.4 | 41.8 | 18.7 |
| سۆران | 38.6 | 35.8 | 25.5 |

## 3. تەواوکردنی بەرزترین بڕوانامەی خوێندن (Highest completed degree)

نزیکەی 46% ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتر هیچ بڕوانامەیەکی خوێندنیان نیە. هەولێر بەراورد بە دوو پارێزگاکەی دیکەی هەرێمی کوردستان کەمترین ڕێژە (43.6%) ی بێ بڕوانامەی هەیە، لە کاتێکدا لە دهۆك (47.5%)، لە سلێمانی 48.1% دانیشتوانی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتر هیچ بڕوانامەیەکی خوێندنیان نیە. لە هەولێر نزیکەی یەك لە پێنجی خەڵك خاوەنی بڕوانامەی سەرەتایین، لە کاتێکدا لە دهۆك بەرزترین ڕێژەی خەڵکانی خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی هەیە (23.1%)، لە سلێمانی (14.3%) خەڵکانی خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی هەن.

خەڵکانی خاوەن بڕوانامەی ناوەندی یان بنەڕەتی ئەوانەن کە 9 ساڵی خوێندنیان بە سەرکەوتووی تەواو کردووە، سیستەمی قوناغی بنەرەتی لە ساڵی 2008 وە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم بڕیاری لێدرا و چەسپا. سلێمانی ڕێژەی خەڵکانی خاوەن بڕوانامەی ناوەندی یان بنەڕەتی (17.5%) بەرزترینە بەراورد بە هەردوو پارێزگاکەی دیکەی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا لە هەولێر ڕێژەکە (16.8%)ە، لە دهۆك (14.7%)ە. خەڵکانی خاوەن بڕوانامەی ئامادەییە پیشەییەکان کە ماوەی خوێندنیان 12 ساڵ بووە، لە هەولێر و سلێمانی یەکسانە کە بریتیە لە 1.5%، لە کاتێکدا لە دهۆك خەڵکانی خاوەن ئەم براوانامەیە ڕێژەیان (0.6) لە نیوەی ڕێژەکەی هەولێر و سلێمانی کەمترە.

تەواوکردنی بەرزترین بڕوانامەی خوێندن (بۆ خەڵکانی تەمەن 6 ساڵ یان گەورەتر)

| % | | بێ بڕوانامە | سەرەتایی | ناوەندی/ بنەڕەتی | ئامادەیی ئەکادیمی | ئامادەیی پیشەیی | ئامادەیی پیشەیی ئاینی | دبلۆم | بەکالۆریۆس | دبلۆمی باڵا | ماستەر | دکتۆرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | هەولێر | 43.6 | 20.3 | 16.8 | 6.6 | 1.5 | 0 | 4.1 | 6.3 | 0.1 | 0.4 | 0.3 |
| | دهۆك | 47.5 | 23.1 | 14.7 | 6.3 | 0.6 | 0 | 3.4 | 4 | 0 | 0.2 | 0.1 |
| | سلێمانی | 48.1 | 14.3 | 17.5 | 7 | 1.5 | 0 | 5.9 | 5.4 | 0 | 0.2 | 0 |
| ژینگەی نیشتەجێ | گوند | 58.6 | 18.4 | 13.3 | 4.6 | 0.3 | 0.1 | 2.2 | 2.4 | 0 | 0 | 0 |
| | شار | 43.7 | 18.6 | 17.3 | 7.1 | 1.5 | 0 | 5.2 | 6 | 0.1 | 0.3 | 0.2 |
| ڕەگەز | مێ | 52.3 | 15.6 | 14.9 | 6.4 | 1 | 0 | 4.9 | 4.7 | 0 | 0.1 | 0.1 |
| | نێر | 40.4 | 21.5 | 18.3 | 7 | 1.5 | 0 | 4.4 | 6.1 | 0.1 | 0.3 | 0.2 |

خەڵکانی خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی ئەکادیمیش ماوەی خوێندنیان 12 ساڵە و بەشی ئەدەبی یان زانستیان خوێندووە، خەڵکانی سلێمانی خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی ئەکادیمی ڕیژەیان 7%ە کە بەرزترین ڕێژەیە بەراورد بە هەولێر و دهۆك (6.6% و 6.3%).

خەڵكانی خاوەن بڕوانامەی دبلۆم لە سلێمانی ڕێژەیان زۆرترینە (5.9%)، لە كاتێكدا خەڵكانی خاوەن ئەم بڕوانامەیە لە هەولێر ڕێژەیان (4.1%)ە، لە دهۆك (3.4%)ە.

بڕوانامەی بەكەلۆریۆس كە دەرچوانی كۆلیژەكان خاوەنینە، لە هەولێر ڕێژەی خەڵكانی ئەم بڕوانامەیە بەرزترینە بەراورد بە دهۆك و سلێمانی. بە ڕیزبەندی لە هەولێر، سلێمانی و دهۆك ڕێژەی خەڵكانی خاوەن بڕوانامەی بەكەلۆریۆس بریتیە لە (6.3%، 5.4% و 4%).

هەولێر ڕێژەی خەڵكانی خاوەن بڕوانامەی ماستەری بریتیە لە 0.4% كە دووهێندەی ڕێژەی خەڵكانی خاوەن هەمان بڕوانامەیە لە دهۆك و سلێمانی كە هەریەكەیان خەڵكیان 0.2% خاوەنی ئەم بڕوانامەیەن.

بڕوانامەی دكتۆرا كە لێرەدا بەرزترین بڕوانامەی ئاماژە پێدراوە، لە هەولێر خەڵكانی خاوەن ئەم بڕوانامەیە ڕێژەیان 0.3%ە و زۆر بەرزترە لە ڕێژەی خەڵكانی هەمان بڕوانامە لە هەردوو پارێزگاكەی دیكەی هەرێمی كوردستان.
ژینگەی نیشتەجێبوون (گوند، شار) جیاوازی بەرچاوی تێدا دەركەوتووە لە ڕێژەی هەبوونی هەریەكە لە بڕوانامەكانی خوێندن بۆ خەڵكانی تەمەن 6 ساڵ و گەورەتر، هەروەك دەركەوتووە خەلكانی بێ بڕوانامە لە ناوچە گوندنشینەكان ڕێژەیان تا ڕادەیەكی زۆر بەرزترە بەراورد بە ناوچە شارنشینەكان (گوند: 58.6% خەڵكانی بێ بڕوانامە، شار: 43.7% خەڵكانی بێ بڕوانامە). ڕێژەی خەڵكانی خاوەن برانامە لە هەموو قۆناغەكانی خوێندن لە ناوچە شارنشینەكان بەرزترە بەراورد بە ناوچە گوندنشینەكان تەنها لە بڕوانامەی ئامادەیی ئاینی نەبێت كە خەڵكانی خاوەنی ئەم بڕوانامەیە ڕیژەیان لە ناوچە گوندنشینەكان بەرزترە بەراورد بە خەڵكانی خاوەن هەمان بڕوانامە لە ناوچە شارنشینەكان.

ڕەگەز (مێ، نێر) كاریگەریەكی دیكەیە كە جیاوازی بەرچاوی تێدا دەركەوتووە لە ڕێژەی هەبوونی هەریەكە لە بڕوانامەكانی خوێندن، هەروەك دەركەوتووە لە ناو خەڵكانی ڕەگەزی مێ ڕیژەی بێ بڕوانامەی خوێندن بەرزترە بەراورد بە خەڵكانی ڕەگەزی نێر (مێ: 52.3% بێ بڕوانامەن، نێر: 40.4% بێ بڕوانامەن). لە هەریەك لە بڕوانامەی قۆناغەكانی خوێندن نێر ڕێژەی بەرزتریان هەیە بەراورد بە مێ، تەنها لە بڕوانامەی دبلۆم نەبێت كە لە ناو مێیەكان ڕێژەی خاوەنی ئەم بڕوانامەیە زیاترە بەراورد بە خاوەن هەمان بڕوانامە لە ناو نێرەكان.

لە نیوان قەزاكانی پارێزگای هەولێر قەزای خەبات بەرزترین ڕێژە (63.2%) بێ بڕوانامەی هەیە، قەزای سۆران بەرزترین ڕێژە (41.7%) خەڵكانی خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی، ناوەندی یان بنەڕەتی هەیە، قەزای ناوەندی هەولێر بەرزترین ڕێژە (23.8%) خەڵكانی خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی یان قۆناغەكانی سەروتری هەیە. ناوەندی هەولێر نزمترین ڕێژەی خەڵكانی بێ بڕوانامەی هەیە (37.7%)، قەزای خەبات ڕێژەی خەڵكانی خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی یان قۆناغی سەروتری (9.1%) ڕێژەیەكی زۆر كەمە لە هەموو قەزاكانی دیكەی پارێزگای هەولێر كەمترە.

بەرزترین بڕوانامەی بەدەستهاتوو لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر (بۆ خەڵکانی تەمەن 6 ساڵ و گەورەتر)

| % | بێ بڕوانامە | سەرەتایی، ناوەندی و بنەڕەتی | ئامادەیی و بەسەرەوە |
|---|---|---|---|
| ناوەندی هەولێر | 37.7 | 39.2 | 23.8 |
| چۆمان | 62.8 | 22.0 | 15.2 |
| دەشتی هەولێر | 48.7 | 35.9 | 15.5 |
| خەبات | 63.2 | 27.7 | 9.1 |
| کۆیە | 43.9 | 35.4 | 20.6 |
| مێرگەسۆر | 57.8 | 30.6 | 11.6 |
| ڕەواندوز | 61.7 | 22.1 | 16.2 |
| شەقڵاوە | 47.5 | 36.4 | 16.1 |
| سۆران | 46.6 | 41.7 | 11.8 |

# بەشی چوارەم: هێزی کار LOBOUR FORCE

1. بەشداریکردن لە هێزی کار (Labour force participation)
2. ڕێژەی بێکار (Unemployment Rate)
3. پیشە و داهات (Occupation and Income)
4. هۆکارەکانی کارنەکردن (Reasons for not working)
5. داهاتی مانگانەی خێزان (Household monthly income)
6. سەرچاوەکانی داهاتی خێزان (Household income sources)

## بەشی چوارەم: هێزی کار LOBOUR FORCE

### 1. بەشداریکردن لە هێزی کار (Labour force participation)

بەشداربوانی هێزی کار ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە تەمەنی کارکردندان (تەمەن 64-15 ساڵ) و کاریان هەیە یان بە دوای کاردا دەگەڕێن. لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 40% ی خەڵکی لە تەمەنی کارکردن (64-15) بەشدارن لە هێزی کار.

ئەنجامەکانی لە خشتەی تایبەت بەم بەشە نیشاندراون بۆ خەڵکانی تەمەن نێوان 64-12 ساڵین. لە هەرێمی کوردستان ریژەی بەشداریکرنی تەمەن 64-12 لە هێزی کار بریتیە لە 37.8%.

رێژەی بەشداریکردنی هێزی کار لە ناوچە شارنشینەکان زیاترە بەراورد بە ناوچە گوندنشینەکان (38.4% بەرامبەر 34.8%).

بەشداریکردنی هێزی کار لە کەسەکانی گروپی تەمەنی 54-25 ساڵ بۆ هەردوو رەگەزی نێر و مێ لە ئاستێکی بەرزتردایە بەراورد بە کەسەکانی لە تەمەنی دی. تێبینی ئەوەش دەکرێت نزیکەی 60%ی رەگەزی نێر لە تەمەنی 64-55 ساڵی هێشتا کار دەکەن.

لە هەرێمی کوردستان کەلێنی بەشداریکردنی رەگەزی مێ لە هێزی کار بە شێوەیەکی بەرچاو دیارە کە بریتیە لە 13.3%، لە کاتێکدا رێژەی بەشداریکردنی رەگەزی نێر لە هێزی کار بریتیە لە 62.6%. ئەم کەلێنەی رەگەزی مێ لە بەشداریکردنی هێزی کار بەرفراوانە لە کاریگەریە جیاوازەکان (پارێزگاکان و ژینگەی نیشتەجێبوون، گروپەکانی تەمەن، بڕوانامەی خوێندن و داهاتی مانگانەی خێزان). دەرکەوتووە لە هەموو ئەو کاریگەریانە بە ڕیژەی بەرچاو بەشداریکردنی رەگەزی مێ زۆر کەمترە بەراورد بە بەشداریکردنی رەگەزی نێر لە هێزی کاردا. لە ناو هەمووشیان ڕێژەی بەشداریکردنی رەگەزی مێیە بێ بڕوانامەکان لە هێزی کار زۆر نزمە کە بریتیە لە نزیکەی 3%، لە کاتێکدا رێژەی بەشداریکردنی رەگەزی نێرە بێ بڕوانامەکان بریتیە لە 62.7%. لە هەمان کاتدا بەرزترین رێژەی بەشداریکردنی هێزی کار لە ناو رەگەزی مێ لە ناو ئەو کەسانەن کە بڕوانامەی ئامادەیی یان سەروتریان هەیە (ڕێژەی بەشداریکردنیان لە هێزی کار بریتیە لە 44.4%).

ئەوەش دەرکەوتووە بەشداریکردن لە هێزی کار پەیوەندی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ بڕوانامەی خوێندن لە لایەن هەردوو رەگەز، بە تایبەتی لە لایەن رەگەزی مێ جیاوازیەکە زۆر بەرچاوە. واتا خەڵکانی خاوەن بڕوانامەی بەرزتر زیاتر بەشدارن لە هیزی کار بەراورد بە بێ بڕوانامەکان یان کەسانی خاوەن بڕوانامەی نزمتر.

خشتەی بەشداریکردن لە هێزی کار (بۆ کەسانی تەمەن 12-64 ساڵ) لە هەرێمی کوردستان - 2017

| % | | مێ | | نێر | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لە دەرەوەی هێزی کار | بەشدار لە هێزی کار | لە دەرەوەی هێزی کار | بەشدار لە هێزی کار | لە دەرەوەی هێزی کار | بەشدار لە هێزی کار |
| پارێزگا | **هەولێر** | **87.1** | **12.9** | **37.6** | **62.4** | **62.4** | **37.6** |
| | **دهۆک** | **90.4** | **9.6** | **42.4** | **57.6** | **66.5** | **33.5** |
| | **سلێمانی** | **84.4** | **15.6** | **34.3** | **65.7** | **59.6** | **40.4** |
| ژینگەی نیشتەجێبوون | **گوندنشین** | **90.7** | **9.3** | **39.4** | **60.6** | **65.2** | **34.8** |
| | **شارنشین** | **86** | **14** | **37** | **63** | **61.6** | **38.4** |
| تەمەن | **15-17** | **98.8** | **1.2** | **86.2** | **13.8** | **92.4** | **7.6** |
| | **18-24** | **92** | **8** | **53.6** | **46.4** | **72.3** | **7.7** |
| | **25-34** | **77.8** | **22.2** | **11.3** | **88.7** | **44.6** | **55.4** |
| | **35-44** | **81.7** | **18.3** | **6.1** | **93.9** | **45.9** | **54.1** |
| | **45-54** | **81.9** | **18.1** | **13.2** | **86.8** | **47.7** | **52.3** |
| | **55-64** | **91.3** | **8.7** | **38.7** | **61.3** | **68.2** | **31.8** |
| بەرزترین بڕوانامە | **بێ بڕوانامە** | **95.9** | **4.1** | **37.3** | **62.7** | **72.2** | **27.8** |
| | **سەرەتایی، بنەڕەتی** | **94.6** | **5.4** | **42.6** | **57.3** | **65.2** | **34.8** |
| | **ئامادەیی یان سەروتر** | **55.6** | **44.4** | **27.8** | **72.2** | **40.9** | **59.1** |
| داهاتی مانگانەی خێزان (دیناری عێراقی) | **کەمتر لە 500000** | **93** | **7** | **38.4** | **61.6** | **67** | **33** |
| | **500000-749000** | **88** | **12** | **37.6** | **62.4** | **62.5** | **37.5** |
| | **750000-999000** | **82.9** | **17.1** | **37** | **73** | **59.9** | **40.1** |
| | **ملیۆنەك یان زیاتر** | **78.2** | **11.8** | **36.1** | **63.9** | **56.6** | **43.4** |
| **کۆی گشتی (تەمەن 12-64 ساڵ)** | | **86.8** | **13.2** | **37.4** | **62.6** | **62.2** | **37.8** |

لە پارێزگای هەولێر، هەروەك لە خشتەی سەرەوەدا دیارە ڕێژەی بەشداربوون لە هێزی کار بریتیە لە 37.6%. ڕێژەی بەشداریکردنی مێ بە بەرچاو کەمترە بەراورد بە بەشداریکردنی نێر لە هێزی کار (12.9% بەرامبەر 62.4%).


هەر لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر، لە خشتەی خوارەوەدا دیارە ڕێژەی بەشداربوان لە هێزی کار لە قەزاکانی مێرگەسۆر و سۆران بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمترە بە بەراوورد لەگەڵ قەزاکانی دی پارێزگای هەولێر. ڕێژەی بەشداربوان لە هێزی کار لە قەزای کۆیە بریتیە لە 46.9% وە لە سەنتەری پارێزگا (قەزای ناوەندی هەولێر) بریتیە لە 44.6%. هەروەها قەزای کۆیە بەرزترین ڕێژەی بەشداربوانی ئافرەت لە هێزی کاری لە خۆگرتووە کە 18.7% وە لە دوای ئەو سەنتەری پارێزگا دێت بە ڕێژەی 17.6%.

خشتەی بەشداریکردن لە هێزی کار (بۆ کەسانی تەمەن 12-64 ساڵ) لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر - 2017

| قەزا % | مێ | | نێر | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | لە دەرەوەی هێزی کار | بەشدار لە هێزی کار | لە دەرەوەی هێزی کار | بەشدار لە هێزی کار | لە دەرەوەی هێزی کار | بەشدار لە هێزی کار |
| **ناوەندی هەولێر** | 82.4 | 17.6 | 27.8 | 72.2 | 55.4 | 44.6 |
| **چۆمان** | 90.0 | 10.0 | 39.9 | 60.1 | 64.6 | 35.4 |
| **دەشتی هەولێر** | 90.0 | 10.0 | 27.9 | 72.1 | 58.7 | 41.3 |
| **خەبات** | 96.3 | 3.7 | 24.2 | 75.8 | 62.0 | 38.0 |
| **کۆیە** | 80.2 | 19.8 | 25.2 | 74.8 | 53.0 | 47.0 |
| **میرگەسۆر** | 90.0 | 10.0 | 49.8 | 50.2 | 70.8 | 29.2 |
| **ڕەواندوز** | 89.6 | 10.4 | 34.5 | 65.5 | 63.5 | 26.5 |
| **شەقڵاوە** | 88.3 | 11.7 | 45.3 | 64.7 | 60.6 | 39.4 |
| **سۆران** | 92.5 | 7.5 | 32.4 | 67.6 | 69.3 | 30.7 |
| **پارێزگای هەولێر 12-64** | 87.1 | 12.9 | 37.6 | 62.4 | 62.4 | 37.6 |

## 2. ڕێژەی بێکاری (Unemployment rate)

بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی بێکاری بە پێی ڕووپێوی دیمۆگرافیا لە کوردستان بریتیە لە 10.2٪. ڕێژەی بێکاری لە گوندنیشنان بریتیە لە 10.6٪ و لە نێوان دانیشتووانی شارنشین بریتیە لە 8.4٪.




هێلکاری بەراووردی ڕێژەی بێکاری لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر

لە سەرئاستی پارێزگاکانی هەرێم, ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای هەولێر بریتیە لە 9.2٪. کەچی ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای دهۆک بریتیە لە 13.8٪ وە ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای سلێمانی بریتیە 9.4٪.بە پێی ئەم هێلکاریەی

سەرەوە ڕێژەی بێکاری جیاوازیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە ماوەی نێوان سالانی 2013 و 2017[1]. ڕێژەی بێکاری لە 2013 بۆ گروپی تەمەنی 15 سالی و سەرووتر لە هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە 6.5٪ و لە هەولێر بریتی بووە لە 4.3٪. ئەم ڕێژەیە جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبووە لە سالی 2014. ئەمە لە کاتێکدا ڕێژەی بێکاری گەیشتۆتە لوتکە لە نیوەی دووەمی سالی 2015 ئەمەش بەهۆی بوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان وە هاتنی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئاوارە و پەناهاندە بۆ هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پارێزگای هەولێر. بە پێی ئەنجامەکانی روپێوی دیمۆگرافیا, ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان دووبارە نزم بوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە.

خشتەی ڕێژەی بێکاری لە نێوان گروپی تەمەنی 12 بۆ 64 سالیدا لە سەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر (ڕێژەی سەدی)


| قەزا % | مێ | نێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| **سەنتەری هەولێر** | 16.1 | 8.7 | 10.2 |
| **چۆمان** | 16.0 | 2.8 | 4.6 |
| **دەشتی هەولێر / بنصلاوە** | 26.1 | 9.5 | 11.5 |
| **خەبات** | 10.3 | 8.7 | 8.8 |
| **کۆیسنجق** | 16.3 | 7.0 | 9.0 |
| **مێرگەسوور** | 18.6 | 6.2 | 8.4 |
| **رواندوز** | 9.9 | 2.0 | 3.2 |
| **شقلاوە** | 13.0 | 6.1 | 7.1 |
| **سۆران** | 17.2 | 2.0 | 3.9 |
| **پارێزگای هەولێر (12-64)** | **16.7** | **7.7** | **9.2** |

جیاوازی ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای هەولێر لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە ئاستێکی بەرزدایە. ڕێژەی بێکاری لە نێر بریتیە لە 7.7٪ بەلام ڕێژەی بێکاری لە مێ بریتیە لە 16.7٪. ئاستی بێکاری لە شوێنە جوگرافیەکان تارادەیەك جیاوازی بە خۆیەوە بینیوە. هەروەك لەم خشتەی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە کە ئاستی بێکاری لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر جگە لە قەزای دەشتی هەولێر تا رادەیەکی باش نزمترە بە بەراوورد لەگەلە قەزای ناوەند. هەروەها ئاستی بێکاری لە قەزای سۆران وە رواندوز کەمترین ئاستی تۆمار کردووە.

[1] سەرچاوە: ڕاپۆرتی دۆخی هێزی کار، دەستەی ئاماری هەرێم: http://www.krso.net/

## 3. پیشە و داهات(Occupation and Income)

هێلکاری دۆخی کارکردن لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم




جۆری کار وەکو کارکەر لە کەرتی حکومی, تایبەت یاخود کارکەری رۆژانە,...,وەتد خراوەتە روو.

لەم هێلکاریەدا نیشاندراوە کە رێژەی کەسانی کارکەر لە کەرتی تایبەت لە پارێزگای هەولێر بەرێژەیەکی بەرچاو زیاترە لە چاو پارێزگاکانی تر بەتایبەتی پارێزگای دهۆک. بەڵام جیاوازیەکی زۆر بەدی ناکرێت لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم سەبارەت بە کارکردن لە کەرتی حکومی.

لە پارێزگای هەولێر رێژەی 50.1٪ کەسانی کارکەر لە کەرتی حکومی کار دەکەن. نزیکەی 9.9٪ ی کەسانی کارکەر لە سێکتەری تایبەت کاردەکەن ئەمە لەکاتێکدا 4.3٪ ی کەسەکان خاوەن کاری خۆیانن وە نزیکەی 18٪ یان کرێکاری رۆژانەن و 16.7٪ یان بۆ خۆیان کاردەکەن. لە پارێزگای هەولێر هەروەکو لەم خشتەی خوارەوە نیشاندراوە کە نزیکەی 78.6٪ ئافرتانی کارکەر لە کەرتی حکومی کاردەکەن کەچی دۆخی کارکردنی پیاوان جیاوازە بە جۆرێك کە 44.7٪ پیاوان چالاکانە لە کەرتی حکومی کاردەکەن, 10.3٪ یان لە کەرتی تایبەتدان 4.7٪ یان خاوەن کاری خۆیانن, 21 ٪ یان کرێکاری رۆژانەن وە 19٪ یان بۆ خۆی کار دەکەن

خشتەی دابەشبوونی دانیشتووانی تەمەن 64-15 ساڵان لە پارێزگای هەولێر بەپێی رەگەز و جۆری کار (رێژەی سەدی)

| شوێن و جۆری کار % | مێ | نێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| کەرتی حکومی | 78.6 | 44.7 | 50.1 |
| کەرتی تایبەت | 8.1 | 10.3 | 9.9 |
| خاوەن کار | 2.6 | 4.7 | 4.3 |
| بۆ خۆی کار دەکات | 5.7 | 18.8 | 16.7 |
| کرێکاری رۆژانە | 2.2 | 20.9 | 17.9 |
| بێ کرێ بۆ خێزان کار دەکات | 1.7 | 0.6 | 0.8 |
| کرێکاری نێو ماڵ | 1.1 | 0.0 | 0.2 |

لە کۆتاییدا, ئەنجامەکانی ئەم روپێوە دابەشکردنێکمان سەبارەت بە جۆری دامەزراندنی ئەو تاکانەی کاردەکەن دەخاتە بەردەست. رێژەی 60٪ یان کارمەندن و مووچە وەردەگرن لە هەردوو کەرتی حکومی وکەرتی تایبەت. ئەوانی تر زۆربەیان خاوەن کاری خۆیانن یاخود

کرێکاری رۆژانەن. هەلی کارکردن لە کەرتی حکومی بە جیاواز دابەش کراوە. هەندێك لە ناوچەکان لە ناوچەکانی تر زیاترە. قەزاکانی وەکو سۆران, مێرگەسوور, رواندوز و چۆمان تێیدا بە رێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتووانی کار لە کەرتی حکومی کاردەکەن. بە پێچەوانەوە لە قەزاکانی ناوەندی هەولێر, دەشتی هەولێر وە خەبات خەلك زیاتر پشت بە کەرتی هەمەجۆر وەکو کرێکاری رۆژانە, کەرتی تایبەت یاخود بۆ خۆی کار دەکات.

## 4. هۆکارەکانی کارنەکردن (Reasons for not working)

بە شێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی کار نەکردن لە هەرێمی کوردستان پەیوەندیەکی زۆری هەیە بەجۆری رەگەز و تەمەن. 8.76٪ ئافرەتانی تەمەن 15 بۆ 17 ساڵی هێشتا دەخوێنن, ئەمە لەکاتێکدا لە نێوان 78٪ بۆ 93٪ ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان لە نێوان 25 بۆ 64 ساڵی دایە ئافرەتی ماڵەوەن. هەروەها لە لایەکی ترەوە, پیاوانی بێکار ئەوانەی تەمەنیان لە خوار 25 سالیە کار ناکەن بەهۆی سەرقالیان بە خوێندن. نزیکەی لە 65٪ ئەو نێرانەی کە هیوایان لاوازە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار گەنجەکانن. ئاستەنگێکی زۆر هەیە لە ناو ئاوارەکانی ناو کەمپەکان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار وە ئاوارەکان کەمتر بایەخ بە خوێندن دەدەن بە تایبەتی لە نێوان دانیشتووانی گەنج.

بە پێی ئەنجامەکانی رووپێیەکە جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت هۆکارەکانی کار نەکردن. هەروەها تەنها رێژەی 13٪ ی دانیشتووانی هێزی کار لە پارێزگای هەولێر هیوایان لاوازە لە دۆزینەوەی کار, لە بەرامبەردا نزیکەی 28٪ ی کەسەکان قوتابین, 6.7٪ی کەسەکان کار ناکەن بەهۆی هۆکاری تەندروستی وە 47.4٪ یان ئافرەتی ماڵەوەن.


هەروەها بە پێی ئەنجامی رووپێوەکە, لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر, زۆربەی ئەوکەسانەی کە کار ناکەن بە بێ جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان قەزاکان ئەوانەن کە ئافرەتی ماڵەوەن یاخود بۆ ماڵەوە کار دەکەن.

**خشتەی هۆکارەکانی کارنەکردن لە سەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر - 2017**

| قەزا | بێ هیوایە لە دۆزینەوەی کار | قوتابی | ئافرەتی ماڵەوەیە یاخود بۆماڵەوە کار دەکات | مۆڵەتی دایکایەتی | داهاتی شتی بە کرێدراوی هەیە | خانەنشین | بێ توانایە بۆ کار بە هۆکاری تەندروستی یاخود خێزان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری هەولێر | 14.20% | 29.50% | 43.70% | 0.00% | 0.90% | 3.20% | 8.30% |
| چۆمان | 7.90% | 32.50% | 50.10% | 0.30% | 0.90% | 5.40% | 2.90% |
| دەشتی هەولێر / بنصلاوە | 12.40% | 23.60% | 53.20% | 0.00% | 1.70% | 2.50% | 6.60% |
| خەبات | 8.30% | 21.80% | 59.40% | 0.00% | 2.10% | 2.20% | 6.00% |
| کۆیسنجق | 13.00% | 31.10% | 49.10% | 0.20% | 0.00% | 3.50% | 3.20% |
| مێرگەسوور | 4.50% | 28.80% | 47.40% | 0.00% | 11.40% | 5.00% | 2.90% |
| رواندوز | 9.60% | 31.60% | 53.40% | 0.20% | 0.00% | 3.10% | 2.20% |
| شقلاوە | 10.80% | 27.90% | 48.90% | 0.00% | 1.60% | 3.90% | 7.00% |
| سۆران | 16.20% | 28.10% | 47.70% | 0.30% | 0.40% | 3.10% | 4.10% |

## 5. داهاتی مانگانەی خێزان (Household monthly income)

هێلکاری داهاتی مانگانەی خێزان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم




لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی نزیـ زیاتر لە 51٪ ی خێزانەکان داهاتی مانگانەیان لە نێوان 500,000 بۆ 1,000,000 دیناری عێراقیە وە نزیکەی 13٪ یان داهاتی مانگانەیان زیاتر لە 1,000,000 دیناری عێراقی.

لەم هێلکاریە بۆمان دەردکەوێت کە بە پێی رووپێوی دیمۆگرافیا لە سالی 2017 زیاتر لە 34٪ ی کەسانی کارکەر لە پارێزگای هەولێر داهاتی مانگانەیان کەمترە لە 500,000. ئەمە لەکاتێکدا ئەم رێژەیە لە پارێزگای سلێمانی بریتیە لە 38.4٪. هەروەها نزیکەی 15.8٪ کەسانی کارکەر لە پارێزگای هەولێر داهاتی مانگانەیان 1,000,000 دیناری عێراقی یاخود زیاترە. ئەم رێژەیەش بەرزترە لە هەردوو پارێزگای دهۆك و سلێمانی.

لە خشتەی داهاتوو, پەیوەست بە داهاتی مانگانەی خێزان لەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر نیشاندراوە. بە نزیکەیی هەردوو قەزای کۆیە و شەقلاوە زۆرترین رێژەی خێزانەکان داهاتی مانگانەیان کەمترە لە 500,000 دیناری عێراقی. بەمەش ئەم دوو قەزایە داهاتی مانگانەیان کەمترە لەچاو قەزاکانی تری پارێزگای هەولێر. هەروەها قەزای مێرگەسوور کەمترین رێژەی ئەو خێزانانە لەخۆ دەگرێت کە داهاتی مانگانەیان کەمترە لە 500,000 دینای عێراقی کە تەنها 20.6٪ ی خێزانەکان پێك دەهێنن. قەزای سۆران زۆرترین رێژەی ئەو خێزانانە لە خۆ دەگرێت کە رێژەی داهاتی خێزان بریتیە لە 1,000,000 دیناری عێراقی یاخود زیاتر کە رێژەکەی بریتیە لە 19.2٪ وە بەدوای ئەویش سەنتەری قەزای پارێزگای هەولێر دێت کە رێژەکەی18.5٪یە.

خشتەی داهاتی مانگانەی خێزان لە سەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر

| قەزا % | کەمتر لە 500,000 | 500,000-749,000 | 750,000-999,000 | 1000,000 یاخود زیاتر |
|---|---|---|---|---|
| **سەنتەری هەولێر** | 33.1 | 26.8 | 21.6 | 18.5 |
| **چۆمان** | 36.7 | 30.4 | 16.5 | 16.5 |
| **دەشتی هەولێر / بنصلاوە** | 39.9 | 35.3 | 14.6 | 10.2 |
| **خەبات** | 31.8 | 34.1 | 23.3 | 10.9 |
| **کۆیسنجق** | 40.1 | 28.5 | 20.4 | 11.0 |
| **مێرگەسوور** | 20.6 | 36.9 | 31.9 | 10.6 |
| **رواندوز** | 32.3 | 33.8 | 21.5 | 12.3 |
| **شقلاوە** | 40.2 | 24.3 | 22.0 | 13.4 |
| **سۆران** | 27.7 | 31.0 | 22.3 | 19.2 |
| **پارێزگای هەولێر (12-64)** | **34.1** | **29.0** | **21.1** | **15.8** |

لە هەرێمی کوردستان, هەژاری یاخود ئاستی نزمی ژیان پەیوەندی هەیە بە کۆمەڵێك خەسلەتی ئابووری کۆمەڵایەتی وەکو رەگەز و تەمەنی سەرۆك خێزان, ئاستی پەروەردەی سەرۆك خێزان وە جۆری کارکردنی سەرۆك خێزان بۆ نموونە, رێژەی نزمی داهاتی خێزان کاتێك ئافرەت سەرۆك خێزانە بریتیە لە 56٪ بە بەراوورد لەگەل رێژەی نزمی داهاتی خێزان کە پیاو سەرۆك خێزانە کە بریتیە لە 33٪. سەباەت بە تەمەنی سەرۆك خێزان, رێژەی نزمی داهاتی خێزان نزم دەبێتەوە کاتێك تەمەنی سەرۆك خێزان دەبێتە 25 ساڵ وە ئەم رێژەیە دەگاتە کەمترین ئاست کاتێك تەمەنی سەرۆك خێزان دەکەوێتە نێوان 35-44 ساڵی وەهەروەها دووبارە رێژەی نزمی داهاتی خێزان بەرز دەبێتەوە کاتێك تەمەنی سەرۆك خێزان زیاتر دەبێت لە 64 ساڵ. ئەم ئەنجامەش پێشبینی کراو بووە بە رەچاوکردنی ئەوەی کە سەرۆك خێزان بەخێوکەری سەرەکیە. سەبارەت بە خێزانە هەژارەکان (ئەوانەی داهاتی خێزانەکانیان کەمترە لە 250,000 دیناری عێراقی), تەنها 4٪ ی سەرۆك خێزانەکان کاریان هەبووە بەر لە هەفتەیەك لە ئەنجامدانی روپێوەکە. کاتێك سەرۆك خێزانەکان بروانامەی خوێندنی باڵایان هەبووە نزیکەی 25٪ یان زۆرترین داهاتیان هەبووە بە بەراوورد لەگەل 12٪ کاتێك سەرۆك خێزان بروانامەی سەرەتایی هەبووە, 9٪ کاتێك سەرۆك خێزان تەنها خوێندەواری کەمە یاخود هیچ بروانامەیەکیان نیە.

## 6. سەرچاوەکانی داهاتی خێزان (Household income sources)

کەرتی چالاکی ئابووری یەکێکە لە خاڵە گرینگەکانی بابەتی هێزی کار. ئەنجامەکانی رووپێوی دیمۆگرافی دەریدەخەن کە دانیشتتوانی هێزی کار بەسەر چالاکی جۆراوجۆر دابەش بوون. لە هەرێمی کوردستان نزیکەی دوو لەسەر سێی سەرچاوەی داهاتی خێزانەکان بریتیە وەرگرتنی مووچە. رێژەی 47٪ مووچەی حکومییان هەیە و رێژەی 18٪ خێزانەکان پشت بە داهاتی خانەنشینی دەبەستن. رێژەی 30٪ خێزانەکان پشت بە کەرتی تایبەت دەبەستن وەکو سەرچاوەی داهات ئەمە لەکاتێکدا 12٪ یان خاوەن کارن وە 16 ٪ یان بۆ خۆی کار دەکات. تەنها 6.0٪ خێزانەکان پشت بە کەرتی کشتوکاڵ دەبەستن بۆ بەدەست هێنانی داهات. نزیکەی 21٪ی خێزانەکان بەلایەنی

کەم تاکێکی خێزانەکەیان کرێکاری رۆژانەیە, 1٪ یان سەرچاوەی داهاتی خێزان پەیوەستە بە بەکرێدانی خانوو و زەوی وە 2٪ یان پشت بە پارەی پاشەکەوتکراو دەبەستێت.

لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان, پشت بەستن بەکەرتی حکومی وەکو سەرچاوەی داهاتی خێزان جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لە نێوان پارێزگاکان. بەلام رێژەی ئەو خێزانانەی کە پشت بە کەرتی کشتوکاڵ دەبەستن وەکو سەرچاوەی داهات لە پارێزگای هەولێر بریتیە لە 3.3٪ وە پارێزگای سلێمانی بریتیە لە 7٪ وە پارێزگای دهۆك بریتیە لە 6.8٪.

خشتەی سەرچاوەی داهاتی خێزان لە سەر ئاستی پارێزگاکان (لەوانەیە زیاتر لە سەرچاوەیەکی داهات بوونی هەبێت)(رێژەی سەدی)

| قەزا | کشتوکاڵ لە پاوانی خۆی | کشتوکاڵ لە پاوانی کەسی تر | کەرتی تایبەت | کەرتی حکومی / گشتی | بازرگانی | بازرگانی نافەرمی | کرێکاری رۆژانە | خانەنشین | داهات لە رێی بە کرێدانی خانوو یان زەوی | پاشەکەوت | قەرز | پارە لە لایەن خێزان یان هاوڕێ لە دەرەوەی عێراق | پارە لە لایەن خێزان یان هاوڕێ لە ناوەوەی عێراق | پارەی کاش یاخود جۆرێکی تر لەلایەن دامەزراوەیەکی | پارەی کاش یاخود جۆرێکی تر لەلایەن دامەزراوەیەکی نیشتمانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **هەولێر** | 2.9 | 0.4 | 15.1 | 48.9 | 16.0 | 2.2 | 20.9 | 16.4 | 1.2 | 1.0 | 1.0 | 0.3 | 3.9 | 0.1 | 1.1 |
| **دهۆك** | 5.7 | 1.1 | 11.1 | 47.4 | 17.3 | 2.4 | 24.3 | 15.8 | 0.8 | 1.9 | 1.6 | 1.0 | 3.5 | 0.1 | 0.3 |
| **سلێمانی** | 5.9 | 1.1 | 10.0 | 45.0 | 16.3 | 4.5 | 19.2 | 19.9 | 1.2 | 2.4 | 1.0 | 0.6 | 4.6 | 0.2 | 0.9 |
| **هەرێمی کوردستان** | 4.8 | 0.8 | 12.1 | 46.9 | 16.4 | 3.3 | 20.8 | 17.9 | 1.1 | 1.8 | 1.1 | 0.6 | 4.1 | 0.2 | 0.9 |

لە پارێزگای هەولێر, نزیکەی 65.3٪ داهاتی خێزانەکان بریتیە لە وەرگرتنی مووچە. رێژەی 48.9٪ مووچەی حکومییان هەیە و رێژەی 16.4٪ خێزانەکان پشت بە داهاتی خانەنشینی دەبەستن. رێژەی 31.1٪ خێزانەکان پشت بە کەرتی تایبەت دەبەستن وەکو سەرچاوەی داهات ئەمە لەکاتێکدا 15.1٪ یان خاوەن کارن وە 16 ٪ یان بۆ خۆی کار دەکات. تەنها 3.3٪ خێزانەکان پشت بە کەرتی کشتوکاڵ دەبەستن بۆ بەدەست هێنانی داهات. نزیکەی 21٪ی خێزانەکان بەلایەنی کەم تاکێکی خێزانەکەیان کرێکاری رۆژانەیە, 1٪ یان سەرچاوەی داهاتی خێزان پەیوەستە بە بەکرێدانی خانوو و زەوی وە 1٪ یان پشت بە پارەی پاشەکەوتکراو دەبەستێت.

سەرچاوەی داهاتی خێزانەکان لە کەرتی حکومی لە قەزاکان دابەش نەبووە. هەندێك لە ناوچەکان لە ناوچەکانی تر زیاترە. قەزاکانی وەکو سۆران, مێرگەسوور, رواندوز وە چۆمان تێیدا بە رێژەیەکی بەرچاو سەرچاوەی داهاتی خێزانەکان بریتیە لە کەرتی حکومی. بە پێچەوانەوە لە قەزاکانی ناوەندی هەولێر, دەشتی هەولێر وە خەبات خەلك زیاتر پشت بە کەرتی هەمەجۆر وەکو کرێکاری رۆژانە, کەرتی تایبەت یاخود بۆ خۆی کار دەکات وەکو سەرچاوەی داهاتی خێزان.

خشتەی سەرچاوەی داهاتی خێزان لە سەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر (لەوانەیە زیاتر لە سەرچاوەیەکی داهات بوونی هەبێت)(رێژەی سەدی)

| قەزا | کشتوکال لە پاوانی خۆی | کشتوکال لە پاوانی کەسی تر | کەرتی تایبەت | کەرتی حکومی / گشتی | بازرگانی | کارکردنی رۆژانە | خانەنشین | داهات لە رێی کرێی خانوو یان زەوی | بازرگانی ناڤەرمی | پاشەکەوت | قەرز | پارە لە لایەن خێزان یان هاوڕێ لە دەرەوەی وڵات | پارە لە لایەن خێزان یان هاوڕێ لە ناو عێراق | پارەی کاش یاخود جۆرێکی تر لە لایەن دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی | پارەی کاش یاخود جۆرێکی تر لە لایەن دامەزراوەیەکی نیشتمانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری هەولێر | 0.9% | 0.2% | 20.6% | 41.6% | 20.4% | 19.8% | 17.2% | 1.8% | 3.2% | 0.8% | 0.4% | 0.3% | 4.3% | 0.2% | 1.5% |
| چۆمان | 4.6% | 0.7% | 4.4% | 74.8% | 9.7% | 12.8% | 21.8% | 1.8% | 1.3% | 0.6% | 0.0% | 0.0% | 0.0% | 0.0% | 0.0% |
| دەشتی هەولێر / بنصلاوە | 3.6% | 0.5% | 14.2% | 43.1% | 15.8% | 32.0% | 11.2% | 0.3% | 1.3% | 1.0% | 3.2% | 0.5% | 3.8% | 0.8% | 0.6% |
| خەبات | 4.4% | 0.5% | 14.5% | 41.8% | 11.4% | 33.2% | 10.0% | 0.3% | 1.1% | 2.3% | 1.2% | 0.0% | 4.9% | 0.0% | 0.5% |
| کۆیسنجق | 12.2% | 2.0% | 6.7% | 59.7% | 14.2% | 15.7% | 17.6% | 0.2% | 1.3% | 0.0% | 0.2% | 0.0% | 2.0% | 0.3% | 1.7% |
| مێرگەسوور | 1.5% | 0.2% | 3.0% | 69.4% | 4.2% | 8.5% | 29.0% | 1.2% | 1.5% | 2.9% | 5.0% | 0.0% | 2.6% | 0.0% | 0.3% |
| رواندوز | 4.2% | 0.7% | 2.4% | 72.8% | 3.1% | 7.7% | 24.2% | 1.6% | 0.7% | 0.3% | 0.0% | 0.8% | 3.1% | 0.0% | 0.3% |
| شقلاوە | 5.8% | 0.8% | 7.4% | 63.1% | 9.4% | 19.4% | 16.3% | 0.3% | 1.7% | 1.0% | 2.1% | 0.6% | 6.5% | 0.3% | 0.9% |
| سۆران | 2.3% | 0.0% | 7.3% | 66.1% | 8.5% | 17.6% | 16.1% | 0.3% | 0.3% | 2.0% | 0.3% | 0.2% | 1.2% | 0.6% | 0.0% |
| **پارێزگای هەولێر** | **2.9%** | **0.4%** | **15.1%** | **48.9%** | **16.0%** | **2.2%** | **20.9%** | **16.4%** | **1.2%** | **1.0%** | **1.0%** | **0.3%** | **3.9%** | **0.3%** | **1.1%** |

# بەشی پێنجەم: نیشتەجێبوون و ژێرخان

# (HOUSING & INFRASTRUCTURE)


1. جۆر و خاوەنداریەتی شوێنی نیشتەجێبوون (Shelter type and ownership)
2. سەرچاوە و سەعاتی کارەبا (Electricity hours & sources)
3. سەرچاوەی سەرەکی گەرمکردن (Main heating source)
4. سەرچاوەی سەرەکی ساردکردن (Main cooling source)

## بەشی پێنجەم: نیشتەجێبوون و ژێرخان (HOUSING & INFRASTRUCTURE)

### 1. جۆر و خاوەنداریەتی شوێنی نیشتەجێبوون (Shelter type and ownership)

ئەنجامەکانی ئەم رووپێوە وا دەردەخەن کە نزیکەی هەموو خێزانەکان شوێنی نیشتەجێبوونیان گونجاوە بۆ ژیان. نزیکەی 89٪ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە خانووی سەربەخۆ ژیان بەسەر دەبەن, وە تەنها 9.4٪ دانیشتوان لە خانووی هاوبەش دەژین. رێژەی دانیشتووانی گوندنشین کە لە خانووی هاوبەش دەژین بریتیە لە 10.8٪ کەچی ئەم رێژەیە لە شارنیشین زۆر کەمترە کە بریتیە لە 2.5٪. نزیکەی 75٪ی ئەو خێزانانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەژین خاوەن خانووی خۆیانن, 7.8٪ی خێزانەکان خانوویان بۆ دابین کراوە بە بێ بەرامبەر لەلایەن خزم یاخود هاورێ وە 16.4٪ ی خێزانەکان لە خانووی کرێ دەژین. جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم سەبارەت بە رێژەی ئەو خێزانانەی خاوەنداریەتی خانوو دەکەن, بەڵام رێزبەندی پارێزگاکانی هەرێم لە مانەوە لە خانووی کرێ بەم شێوەیە: سلێمانی 13.1٪, دهۆك 14.7٪ وە هەولێر 21.4٪.

هێڵكاری كرێچی و خاوەنی خانووی خۆیی خێزان لەسەر ئاستی قەزاكانی هەولێر




نزیکەی 92٪ی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر, بەبێ جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان شوێنە جوگرافیەکان لە خانووی سەربەخۆ ژیان بەسەر دەبەن. تەنها 6.3٪ی دانیشتووان لە خانووی هاوبەش دەژین وە 1.4٪ دانیشتووان لە شوقە ژیان بەسەر دەبەن. هەروەها 73.2٪ ی خێزانەکانی پارێزگای هەولێر خاوەن خانووی خۆیانن 4.6٪ی خێزانەکان خانوویان بۆ دابین کراوە بە بێ بەرامبەر لەلایەن خزم یاخود هاورێ وە 21.4٪ ی خێزانەکان لە خانووی کرێ دەژین.

سەبارەت بە قەزاکانی پارێزگای هەولێر, نزیکەی 69٪ خێزانەکانی سەنتەری هەولێر خاوەنداریەتی خانوو دەکەن وە دەشتی هەولێر نزیکەی 67٪ خاوەنداریەتی خانوو دەکەن. ئەم رێژانەش بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە چاو قەزاکانی تر. لە 26٪ خێزانەکانی سەنتەری هەولێر و 27٪ خێزانەکانی قەزای دەشتی هەولێر کرێچین واتا لە خانووی کرێ دەژین. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قەزاکانی تری سەر بە پارێزگای هەولێر کەمتر لە خانووی کرێدا دەژین و زیاتر خاوەنداریەتی خانوو دەکەن.


| قەزا | خاوەن | بەخۆرایی دابینکـراوە لـە لایـەن خزم یان هـاوڕێ | کرێچی | بەخۆرایی دابینکـراوە لـە لایەن کۆمـەڵێك |
|---|---|---|---|---|
| **خشتەی باری خاوەنداریەتی شوێنی نیشتەجێبوون لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر** | | | | |
| سەنتەری هـەولێر | 68.80% | 4.20% | 26.20% | 0.80% |
| چۆمان | 89.50% | 3.00% | 6.20% | 1.30% |
| دەشتی هـەولێر / بنصلاوە | 67.30% | 5.40% | 27.10% | 0.20% |
| خەبات | 82.20% | 5.00% | 12.50% | 0.30% |
| کۆیسنجق | 79.70% | 6.40% | 11.10% | 2.80% |
| مێرگەسوور | 89.80% | 5.10% | 4.90% | 0.20% |
| رواندوز | 91.90% | 0.20% | 7.80% | 0.00% |
| شقلاوە | 78.80% | 6.10% | 14.50% | 0.70% |
| سۆران | 79.30% | 3.80% | 16.00% | 0.90% |

## 2. سەرچاوە و سەعاتی کارەبا (Electricity hours & sources)

هەرچەندە کارەبی نیشتیمانی بە شێوەیەکی 24 کاتژمێری نیە, بەڵام زۆربەی شوێنەکان بە ستراونەتەوە بە تۆری کارەبای نیشتمانی. بەشێوەیەکی گشت, بە تێکرای 17 کاتژمێر کارەبا دابینکراوە لە رۆژێکدا. دانیشتوانی هەولێر و دهۆك بەتێکرایی 3 کاتژمێر کارەبای نیشتمانیان کەمتر هەبووە لە چاو دانیشتووانی سلێمانی. دابینکردنی کارەبای مۆلیدەی هاوبەش (مۆلیدەی گەرەك) باوترین بژاردەیە لە کاتی نەبوونی کارەبای نیشتمانی. لە هەرێمی کوردستان 89٪ ی خێزانەکان مۆلیدەی هاوبەش و 2٪ خێزانەکان مۆلیدەی تایبەت بەکاردەێنن لە کاتی نەبوونی کارەبای نیشتمانی. لە پارێزگای سلێمانی 85.5٪ خێزانەکان وە لە پارێزگای هەولێر 89.7٪ خێزانەکان مۆلیدەی هاوبەش بەکاردەهێنن کەچی ئەم رێژەیە بەرز دەبێتەوە لە پارێزگای دهۆك بۆ 94٪

تێکرای رێژەی پێدانی کارەبای نیشتمانی لە پارێزگای هەولێر بریتیە 15.7 کاتژمێر لە رۆژێکدا. لە کاتی نەبوونی کارەبای نیشتمانی نزیکەی 90٪ ی خێزانەکان مۆلیدەی هاوبەشی گەرەك و 4.3٪ خێزانەکان مۆلیدەی تایبەت بەکاردەێنن. تێکرای رێژەی پێدانی کارەبای نیشتمانی لە رۆژێکدا جیاواز بووە لە نێوان قەزاکانی پارێزگای هەولێر. قەزاکانی سۆران, دەشتی هەولێروە مێرگەسوور کەمتر کارەبای

هێڵکاری کارەبای نیشتمانی بە سەعات لە رۆژانەدا لە قەزاکانی هەولێر



نیشتمانیان هەبووە. هەروەها خێزانە ئاوارەکانی نیشتەجێبووانی کەمپەکان بە گشتی کاتژمێری پێدانی کارەبای نیشتمانیان کەمتر بۆ دابینکراوە کە تێکرای 14 کاتژمێربووە لە رۆژێکدا.

لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر جیاوازی زۆر هەیە لە بەکارهێنانی مۆلیدەی هاوبەش. بۆنموونە, 99.1٪ خێزانەکانی سەنتەری هەولێر, 91.5٪ خێزانەکانی دەشتی هەولێر مۆلیدەی هاوبەش بەکاردەهێنن, کەچی تەنها 30٪ خێزانەکانی میرگەسوور, 58.8٪ خێزانەکانی قەزای چۆمان مۆلیدەی هاوبەش بەکاردەهێنن. سەبارەت بە بەکارهێنانی مۆلیدەی تایبەت قەزای میرگەسۆر زۆرترین رێژەی بەردەکەوێت کە بریتیە لە 25.6٪. لە دوای ئەویش قەزای سۆران دێت بە رێژەی 16.2٪. جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەگەر چی قەزای چۆمان کەمتر مۆلیدەی هاوبەش بەکار دەهێنن کەچی تەنها 6.5٪ ی خێزانەکان مۆلیدەی تایبەت بەکار دەهێنن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نزیکەی 35٪ خێزانەکان هیچ سەرچاوەی کارەبایان نیە کاتێك کارەبای نیشتمانی نەبێ.

خشتەی سەرچاوەی ووزەی کارەبا لە سەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر (رێژەی سەدی)

| قەزا | مۆلیدەی هاوبەش (گەڕەك) | مۆلیدەی تایبەت |
|---|---|---|
| سەنتەری هەولێر | 99.1 | 1.4 |
| چۆمان | 58.8 | 6.5 |
| دەشتی هەولێر | 91.5 | 2.9 |
| خەبات | 81.5 | 2.7 |
| کۆیسنجق | 80.4 | 4.6 |
| مێرگەسوور | 30.2 | 25.6 |
| رواندوز | 64.9 | 0.3 |
| شقلاوە | 78.6 | 4.7 |
| سۆران | 84.8 | 16.2 |

## 3. سەرچاوەی سەرەکی گەرمکردن (Main heating source)

سەرچاوەی سەرەکی گەرمکەرەوە لە هەرێمی کوردستان نەوتی سپیە کە 92٪ خێزانەکان ئەم سەرچاوە بەکاردەهێنن. بە نزیکەیی هەموو خەلکی شارنشین سەرچاوەی گەرمکەرەوەیان بریتیە لە نەوتی سپی, بەلاَم لە هەر پێنج خێزان لە گوندنیشینان یەکێکیان دار بەکاردەهێنێت وەکو سەرچاوەی دووەمی گەرمکەرەوە. کەمتر لە5٪ ی خێزانەکان سەرچاوەی کارەبا (سپلیت) بە کاردەهێنن بۆ گەرمکەرەوە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان, بە رێژەیەکی بەرچاو لە خێزانەکان نەوتی سپی بەکار دەهێنن. رێژەی بەکارهێنانی نەوتی وەکو سەرچاوەی گەرم کەرەوە لە ناو خێزانەکانی پارێزگای سلێمانی بریتیە لە 96.4٪, کەچی ئەم رێژەیە لە پارێزگای هەولێر بریتیە لە 90٪ وە لە پارێژگای دهۆك بریتیە لە 85٪.

له پارێزگای هەولێر نزیکەی 90٪ ی خێزانەکان سەرچاوەی سەرەکی گەرمکەرەوەیان بریتیە لە نەوتی سپی. بە ڕێژەی 3٪ ی خێزانەکان گەرمکەرەوەی کارەبایی بەکاردەهێن وەکو سەرچاوەی سەرەکی گەرمکەرەوە وە 1.9٪ ی خێزانەکان سەرچاوەی کارەبا (سپلیت) بە کاردەهێنن بۆ گەرمکەرەوە. هەروەها 5٪ ی خێزانەکان دار بەکاردەهێنێت وەکو سەرچاوەی سەرەکی گەرمکەرەوە. لە سەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر, جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە لە نێوان قەزاکان تەنها قەزای چۆمان و مێرگەسوور نەبێت. لە قەزای چۆمان سەرچاوەی گەرمککەرەوە بریتیە لە: 60٪ ی خێزانەکان نەوتی سپی بەکاردەهێنن و 38٪ خێزانەکان دار بەکاردەهێنن. وە هەروەها لە قەزای مێرگەسور 52٪ ی خێزانەکان نەوتی سپی بەکاردەهێنن و 49٪ خێزانەکان دار بەکاردەهێنن.

## 4. سەرچاوەی سەرەکی ساردکردن (Main cooling source)

سەبارەت بە سەرچاوەی سارکەرەوەی ماڵان, لە 95.5٪ خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان موبەریدە بەکار دەهێنن بۆ مەبەستی فێنککەرەوە. نزیکەی 4٪ ی خێزانەکان سەرچاوەی کارەبا (سپلیت) بە کاردەهێنن بۆ ساردکەرەوە وە کەمتر لە سەدا 1٪ی خێزانەکان پانکەی هەوایی و پانکەی ئەرزی بەکار دەهێنن. هەروەها جیاوازی ئەوتۆ بەدی ناکرێن لە نێوان پارێزگاکاندا. سەرچاوەی دووەمی فێنکەرەوە بریتیە لە سپلیت کە لە هەولێر ڕێژەکەی بریتیە لە 2.8٪, لە دهۆك بریتیە لە 4.0٪ وە لە سلێمانی بریتیە لە 4.6٪.

سەبارەت بە سەرچاوەی سارکەرەوەی ماڵان لە پارێزگای هەولێر, لنزیکەی 97٪ خێزانەکان موبەریدە بەکار دەهێنن وەکو سەرچاوەی سەرەکی فێنککەرەوە. نزیکەی 2.8٪ ی خێزانەکان سەرچاوەی کارەبا (سپلیت) بە کاردەهێنن بۆ ساردکەرەوە وە کەمتر لە سەدا 1٪ی خێزانەکان پانکەی هەوایی و پانکەی ئەرزی بەکار دەهێنن. هەروەها لەسەر ئاستی قەزاکان جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە بەکارهێنانی سەرچاوەی ساردککەرەوەی ماڵان, بەڵام بەکارهێنانی سپلیت زیاتر لە سەنتەری هەولێر باوە بە ڕێژەی 4.7٪. هەروەها بەهۆی هەلکەوتەی جوگرافیای قەزای چۆمان کە زیاتر ناوچەیەکی شاخاوییە, نزیکەی 7٪ ی خێزانەکان پانکەی هەوایی یاخود ئەرزی بەکاردەهێنن وەکو سەرچاوەی سەرەکی فێنککەرەوە.

# بەشی شەشەم: خاوەنداریەتی خێزان

# (HOUSEHOLD POSSESSION)

1. کەلوپەلەکانی خێزان (Household appliances)

2. ئۆتۆمبێل و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان (Cars and IT devices)

# بەشی شەشەم: خاوەندارێتی خێزان (HOUSEHOLD POSSESSION)

## 1. کەلوپەلەکانی خێزان (Household appliances)

خاوەنداریەتی کەل وپەلی ناو ماڵ وەکو بەفرگر, جلشۆر, تەلەفزیۆن وە چێشتلێنەری غازی لە هەموو هەرێمی کوردستان وەکو یەکە.

زیاتر 90٪ خێزانەکانی شارنشین و گوندنشین خاوەنداریەتی هەموو کەلوپەلەکانی ناو ماڵ دەکەن. وە هەروەها جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە نێوان پارێزگایەکانی هەرێمی کوردستان. خاوەنداریەتی کەلوپەلی ناوماڵ کەمتر باوە لە نێوان خێزانە ئاوارەکانی نیشتەجێبووی کەمپەکان: بە جۆرێك لە 88٪ لەوانە تەلەفیزیۆن, 86٪ ئامێری چێشت لێنان, 73٪ یان بەفرگریان هەیە ئەمە لەکاتێکدا تەنها 33٪ یان ئامێری جل شۆر, 21٪ یان گیزەر وە 2٪ ی خێزانەکان گیسکی کارەبایان هەیە.


خاوەنداریەتی کەلوپەلی ناوماڵ لە نێوان خێزانەکانی پارێزگای هەولێر بەم شێوەیە کە لە 70٪ی خێزانەکان یەك تەلەفیزیۆن, 96٪ ی خێزانەکان یەك ئامێری چێشت لێنان, 94.5٪ یان بەفرگریان هەیە ئەمە لەکاتێکدا نزیکەی 90٪ ی خێزانەکان یەك ئامێری جل شۆر, 91٪ ی ی خێزانەکان یەك گیزەر وە 75٪ ی خێزانەکان یەك گیسکی کارەبایان هەیە. هەروەها لە پارێزگای هەولێر زیاتر لە 29٪ی خێزانەکان خاوەنداریەتی زیاتر لە یەك تەلەفزیون دەکەن. هەروەها جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە خاوەنداریەتی کەلوپەی ناو ماڵ لە نێوان قەزاکانی پارێزگای هەولێر.


**خشتەی خاوەنداریەتی کەلوپەلەکانی خێزان لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر - 2017**

| قەزا | بەفرگر | | | جل شۆر | | | تەلەفزیۆن | | | ئامێری چێشت لێنان | | | بۆیلەر (گیزەر) | | | گیسکی کارەبایی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 0 | 1 | 2+ | 0 | 1 | 2+ | 0 | 1 | 2+ | 0 | 1 | 2+ | 0 | 1 | 2+ | 0 | 1 | 2+ |
| سەنتەری هەولێر | 1.2% | 92.7% | 6.1% | 5.4% | 90.8% | 3.8% | 1.3% | 64.9% | 33.8% | 1.1% | 96.1% | 2.9% | 5.3% | 93.1% | 1.6% | 25.8% | 73.3% | 0.9% |
| چۆمان | 1.0% | 94.3% | 4.7% | 9.0% | 89.3% | 1.7% | 0.5% | 65.1% | 34.4% | 1.7% | 96.2% | 2.1% | 7.1% | 92.0% | 0.9% | 8.6% | 90.5% | 0.9% |
| دەشتی هەولێر | 0.8% | 97.4% | 1.8% | 8.5% | 90.8% | 0.7% | 2.5% | 72.1% | 25.5% | 2.3% | 97.7% | 0.0% | 12.2% | 87.3% | 0.5% | 29.0% | 71.0% | 0.0% |
| خەبات | 4.0% | 95.1% | 0.9% | 13.3% | 86.4% | 0.3% | 1.1% | 76.2% | 22.7% | 5.1% | 94.9% | 0.0% | 15.4% | 83.7% | 0.9% | 34.4% | 65.6% | 0.0% |
| کۆیسنجق | 0.8% | 98.3% | 0.9% | 16.1% | 83.6% | 0.3% | 0.8% | 76.9% | 22.3% | 1.6% | 97.8% | 0.5% | 3.4% | 96.3% | 0.3% | 25.0% | 74.4% | 0.6% |
| مێرگەسوور | 0.3% | 98.2% | 1.5% | 4.7% | 95.3% | 0.0% | 0.5% | 88.0% | 11.5% | 1.0% | 98.7% | 0.3% | 1.3% | 98.7% | 0.0% | 4.9% | 94.8% | 0.3% |
| رواندوز | 1.0% | 99.0% | 0.0% | 7.6% | 92.4% | 0.0% | 1.5% | 57.0% | 41.6% | 0.0% | 99.2% | 0.8% | 4.3% | 95.7% | 0.0% | 9.0% | 91.0% | 0.0% |
| شقلاوە | 1.1% | 97.0% | 2.0% | 10.8% | 88.0% | 1.1% | 1.2% | 74.2% | 24.6% | 3.6% | 95.9% | 0.6% | 10.3% | 88.2% | 1.5% | 27.5% | 71.7% | 0.8% |
| سۆران | 1.7% | 93.8% | 4.6% | 11.6% | 87.6% | 0.8% | 1.4% | 76.2% | 22.5% | 6.4% | 92.9% | 0.8% | 11.0% | 88.5% | 0.5% | 10.2% | 89.8% | 0.0% |

## 2. ئۆتۆمبێل و ئامێره ئەلیکترۆنیەکان (Cars and IT devices)

خاوەنداریەتی ئۆتۆمۆبێل و ئامێره ئەلیکترۆنیەکان وەکو مۆبایل, لاپتۆپ و تابلێت وه هەروەها دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت بە شێوەیەکی گشتی کەمتر بەربلاوه لە هەرێمی کوردستان: 43٪ ی خێزانەکان ئۆتۆمبێلیان نیە, 68٪ ی خێزانەکان ئامێری ئەلیکترۆنیان نیە وه 54٪ ی خێزانەکان ئینتەرنێتیان نیە. هەروەها هەبوونی زیاتر لە یەك مۆبایل زیاتر باوە لە هەرێمی کوردستان بەجۆرێك کە




نزیکەی 61٪ی خێزانەکان زیاتر لە یەك مۆبایلی سمارتیان هەیە. سەبارەت بە پارێزگاکان, پارێزگای هەولێر زیاتر خاوەنداریەتی ئۆتۆمۆبێل دەکەن وه کەمتر خاوەنداریەتی مۆبایلی سمارت دەکەن بە بەراوورد لەگەل پارێزگاکانی دی هەرێم. لە پارێزگای هەولێر لە 55٪ خێزانەکان ئینتەرنێتیان نیە ئەمە لەکاتێکدا جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت.

خاوەنداریەتی ئۆتۆمۆبێل و ئامێره ئەلیکترۆنیەکان وەکو مۆبایل, لاپتۆپ و تابلێت وه هەروەها دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت جیاوازه لە پارێزگای هەولێر بە جۆرێك: 57.7٪ ی خێزانەکان تەنها یەك ئۆتۆمۆبێلیان هەیە, 3.6٪ زیاتر لە یەك ئۆتۆمۆبێلیان هەیە. 20.5٪ ی خێزانەکان یەك مۆبایلی سمارتیان هەیە, 56.6٪یان زیاتر لە یەك مۆبایلی سمارتیان هەیە. 25.8٪ ی خێزانەکان یەك کۆمپیوتەریان هەیە, 7.2٪یان زیاتر لە یەك کۆمپیوتەریان هەیە. جێگای ئاماژە پێکردنە کە تەنها لە 45٪ ی خێزانەکان دەتوانن ئەنتەرنێت دابین بکەن.

سەبارەت بە قەزاکانی پارێزگای هەولێر, جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت لە خاوەنداریەتی کۆمپیوتەر و دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت. بۆ نموونە, لە قەزای خەبات 76٪ خێزانەکان کۆمپیوتەریان نیە وه نزیکەی 59٪ خێزانەکان ئینتەرنێت بەکارناهێنن. ئەمە لە کاتێکدا تەنها لە سەنتەری هەولێر و قەزای رۆاندوز زیاتر لە نیوەی خێزانەکان ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن. بە شێوەیەکی گشتی, رێژەیەکی زۆری خێزانەکانی قەزاکانی دەشتی هەولێر, خەبات, کۆیە, مێرگەسوور, رواندوز وه سۆران خاوەنداریەتی هیچ کۆمپیوتەر ناکەن. سەبارەت خاوەنداریەتی ئۆتۆمۆبیل, هەبوونی یەك ئۆتۆمۆبیل لە خێزاندا زیاتر باوە بەبێ جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان قەزاکاندا. بەلام زۆربەی خێزانەکان لە قەزاکان زیاتر لە یەك مۆبایلی سمارتیان هەیە.

## خشتەی خاوەنداریەتی ئۆتۆمبێل و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر - 2017

| قەزا | ئۆتۆمۆبێل | | | مۆبایلی سمارت | | | کۆمپیوتەر | | | دەست گەیشتن بە ئینتەرنێت | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 0 | 1 | 2+ | 0 | 1 | 2+ | 0 | 1 | 2+ | نەخێر | بەڵێ |
| سەنتەری هەولێر | 35.5% | 58.8% | 5.7% | 16.6% | 17.3% | 66.1% | 58.9% | 30.5% | 10.5% | 46.8% | 53.2% |
| چۆمان | 41.2% | 56.2% | 2.6% | 14.2% | 14.9% | 71.0% | 59.3% | 27.8% | 13.0% | 64.9% | 35.1% |
| دشتی هەولێر | 45.8% | 52.8% | 1.4% | 20.2% | 27.0% | 52.8% | 76.8% | 21.8% | 1.4% | 64.3% | 35.7% |
| خەبات | 37.1% | 61.6% | 1.4% | 27.7% | 33.1% | 39.2% | 85.5% | 12.8% | 1.7% | 81.2% | 18.8% |
| کۆیسنجق | 37.6% | 61.4% | 1.0% | 35.7% | 21.5% | 42.8% | 72.0% | 21.2% | 6.8% | 60.4% | 39.6% |
| مێرگەسوور | 33.7% | 66.1% | 0.3% | 30.9% | 21.9% | 47.2% | 83.4% | 14.7% | 1.9% | 56.9% | 43.1% |
| رواندوز | 48.3% | 51.7% | 0.0% | 21.4% | 20.5% | 58.0% | 75.7% | 23.5% | 0.8% | 41.6% | 58.4% |
| شقلاوە | 46.3% | 52.1% | 1.6% | 18.2% | 30.7% | 51.1% | 71.2% | 25.4% | 3.5% | 66.7% | 33.3% |
| سۆران | 41.5% | 56.7% | 1.9% | 52.7% | 13.7% | 33.5% | 76.0% | 19.7% | 4.3% | 58.9% | 41.1% |

# بەشی حەفتەم: ونبوون و مردنی ئەندامەکان

# (Absent & deceased members)

1. ونبوونی ئەندامەکان (Missing members)

2. مردنی ئەندامەکان (Deceased members)

## بەشی حەفتەم: ونبوون و مردنی ئەندامەکان (Absent & deceased members)

بەشداربووانی رووپێوەکە پرسیاریان لێکراوە سەبارەت بە مردن یاخود ونبوونی هەر ئەندامێك لە خێزانەکەیان لە 2014 ەوە تاکو کاتی چاوپێکەوتنەکە لە 2017. ونبوون لە خێزان تۆمارکراوە بە گوێرەی خەسلەتەکانی رەگەز, تەمەن, پەیوەندی بە سەرۆك خێزان وە هۆکاری ونبوون. هەروەها حالەتی مردن لە خێزان تۆمارکراوە بە پێی رەگەز, تەمەن, بەرواری مردن وە هۆکارەکانی مردن وەکو مردنی ئاسایی, مردنی بەهۆی ناکۆکی یاخود شەر وە مردن بەهۆی زگپری و نەخۆشی.

### 1. ونبوونی ئەندامەکان (Missing members)

لە کۆی گشتی خێزانە بەشداربووکانی ئەم رووپێوە, 1.4٪ خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان راپۆرتی وونبوونی ئەندامێکی خێزانەکەیان داوە لە ساڵی 2014 بەدواوە. خێزانەکانی پارێزگاکانی دهۆك و سلیمانی بە نزیکەی دوو هێندەی پارێزگای هەولێر کەسی وونبوویان هەیە (1.7٪ بەرامبەر 1٪). سەرۆك خێزانەکانی گروپی تەمەنیان لە نێوان 45-54 یاخود 55-64 زیاتر راپۆرتی وونبوونی سەرۆك خێزانیان داوە (45-54=2.4٪, 55-64=2.6٪). سەبارەت بە خێزانە ئاوارەکان, رێژەی کەسە وونبووەکانی لە نێو خێزانە ئاوارەکانی نیشتەجێبووی کەمپەکان دووهێندەی خێزانە ئاوارەکانی نیشتەجێبووی دەرەوەی کەمپە بە جۆرێك 2.4٪ بۆ دەرەوەی کەمپ و 4.7٪ بۆ نیشتەجێبووانی کەمپ.

بە شێوەیەکی نزیکەی 82٪ کەسە وونبووەکان لە رەگەزی نێرن کە زۆربەیان لە گروپی تەمەنی 15- 24(47.8٪) و گروپی تەمەنی 25-34(34.7٪). هەروەها جۆری کەسەکانی وونبوون لە خێزان بە رێژەیەکی بەرچاو کوڕی خێزانەکانن کە بە رێژەی 67.7٪ کۆی کەسە وونبووەکانە لە بەرامبەردا 11.4٪ خێزانەکان راپۆرتیان داوە کە کچەکەیان وونبووە.

### 2. مردنی ئەندامەکان (Deceased members)

بە شێوەیەکی گشتی 4٪ خێزانەکان لە هەرێمی کوردستان راپۆرتیان داوە کە تاکێك لە خێزانەکەیان مردوە لە ساڵی 2014 بە دواوە. لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان, لە 4.8٪ خێزانەکانی پارێزگای دهۆك راپۆرتیان داوە کە تاکێکی خێزانەکەیان مردووە لە بەدواوە, ئەم رێژەیە لە پارێزگای دهۆك بریتیە لە 4.1٪ وە لە پارێزگای هەولێر بریتیە 3.3٪. مردنی تاك زیاتر لە نێوان ئەو خێزانانە روی داوە کە سەرۆك خێزانەکانیان زۆر گەنجن (4.7٪ بۆ گروپی تەمەنی 15-24) یاخود ئەوانەی سەرۆك خێزانەکانیان بە تەمەنن (6.8٪ بۆ گروپی تەمەنی 65 و سەرووتر). 6.8٪ ئەو خێزانانەی کە تاکێکیان مردووە ئەوانەن کە سەرۆك خێزانەکان کاریان نەبووە.

ڕێژەی مردنی تاك لە نێوان خێزانە ئاوارەکان زیاترە بە بەراورد لەگەڵ خێزانە خانەخوێکان. نزیکەی 7٪ خێزانە ئاوارەکان بە بێ جیاوازی لە نێوان خێزانەکانی نیشتەجێبووی کەمپ و دەرەوەی کەمپ راپۆرتیان داوە کە تاکێك لە خێزانەکەیان مردوە لە سالی 2014 بە دواوە. نزیکەی لە 64٪ مردووان لە رەگەزی نێر بوون. سەبارەت بە جۆری تاکە مردووەکان لە خێزانەکاندا, ڕێژەی 35٪ کەسە مردووەکان بریتی بووە لە مێرد یاخود ژن, لە 16٪ یان بریتی بووە لە باوك وە 15٪ یان بریتی بووە لە کور. سەبارەت بە گروپی تەمەن, نزیکەی 70٪ مردووان لە نەوەی گەنج بوونە بە جۆرێك 14٪ یان لە گروپی تەمەنی 0-14 بووە وە 59٪ سەرووی تەمەنی 55 سالیدا بوون. هۆکارەکانی مردن برتین لە هۆکاری نەخۆشی بە ڕێژەی 34٪ وە مردنی لە ناکاو بە هۆکاری ئاسایی بە ڕێژەی 37٪. هەروەها مردن بە هۆکاری کوشتن زیاتر باوە لە نێوان گروپی تەمەنی 15-34 کە ڕێژەی 12٪ مرددوان پێك دەهێنێت وە ڕێژەی مردن بەهۆی زگپڕی و لە دایك بوون بریتیە لە 11٪ کە زیاتر لە نێوان ئافرەتانی گەنج باوە.

کۆتایی